#ئیکسپێنغ

# برا شاخاوییە سەربەرزەکەم


## یەکەم گەشتم بۆ کوردستان











لۆورێنت ج جۆرنۆ

وەرگێڕانی لەفەڕەنسیەوە: ڕاستی عەبدوڵلا

# برا سەربەرزە شاخاویەکەم



**Laurent J. Journo**

**شێخ یوسف**

# برا سەربەرزە شاخاویەکەم

## یادگاریەکانی یەکەم گەشتم بۆ کوردستان

بۆ نەوڕەسی برام کە وای لێکردم جوانی کێوی نیشتمانەکەی و میهرەبانی گەلەکەی و میهرەبانی بنەماڵەکەی و ئیستسنا(خاڵی جیاکەرەوە)ی کەسایەتییەکەی بدۆزمەوە.

## پێشەکی

٢٩ یان ٣٠ی ئابی ٢٠٢٠ بوو کە بە ڕێکەوت بۆ یەکەمجار لە فەیسبووکەوە ناسیم ، ئەو کەسەی کە بە دڵنیاییەوە دەبێتە ئازیزترین هاوڕێ کە لە ژیانمدا هەمبووە. لە دەرەوەی جیاوازی تەمەن و نەتەوە و ئایین و عەقڵیەت و سەرەڕای ئەو دوورییە جەستەییەی کە ئێمەی لێک جیادەکردەوە، دۆستایەتییەکی قووڵ هەبوو کە من و ئەوی پێکدەبەستەوە.

ناوی نەوڕەسە، گەنجێکی کوردە و خەڵکی شاری سەیدسادق ە. ئەو کاتە لە کۆمپانیای گارێکس کاری دەکرد. لە کاتێکدا باسی ڕۆژەکانی بۆ دەکردم، و ئەو سەختییانەی کە دەبوو ڕووبەڕووی ببێتەوە، هەمیشە سەرسام بووم کە دەتوانێت بار هەڵگرە قورسەکان لێبخوڕێت و بەگشتی سەرم سوڕما لە توانایی ئەو. من و نەوڕەس خاڵی هاوبەشمان زۆرە، وەک کەمەندکێشکردنی زمانە بیانییەکان. چەندین جار

زمانێکمان بەکارهێناوە بەڵام بە ئەلفوبێیەکی جیاواز یان هیچ نەبێ چوار یان پێنج زمانی جیاوازمان لە یەک ڕستەدا بەکارهێناوە و هەروەها کورتکراوەمان زیاد کردووە. نەوڕەس بەم شێوەیە ئاچیکاکامزینۆ( کەنازناوێکی تایبەتی هاوڕێیانەیەی)ی من بوو.

کاتێک بیر لە نەوڕەس دەکەمەوە لە سەرووی هەموو ئەو زەردەخەنەیە کە لە دەموچاویدا دەردەکەوت، چاوە پڕ پێکەنینەکانی کە لە بیرمە، وە هەروەها ئەو ڕێزە قووڵەی کە پێی بەخشیم. بەنزیکەی هەموو شەوێک لەگەڵ یەکتر قسەمان دەکرد، وەک مەراسیمێک وابوو. "سلاو براکەم باشی"، "ڕۆژەکەت چۆن بوو؟" پاشان باسی (سیاسەت، ئایین، کوردستان، رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کچان)مان کرد، وە باسی کاری ئەویشمان کرد، کاری من، بنەماڵەکانمان، ژیانمان. من هەستم بە متمانەیەکی تەواو دەکرد لەگەڵ نەوڕەس، هەرچەندە هەرگیز بە شێوەیەکی نزیک(شەخسی)یەکترمان

نەبینیبوو هەستم بە میهرەبانی و هاوڕێیەتیە ڕاستەقینەیە کرد لە ناویدا.

بێگومان هەندێک جار مشتومڕمان دەکرد، زۆرجار لەسەر شتە بێ بایەخەکان، بەڵام هاوڕێی پتەو(گیانی بەگیانی) بووین. پێی وتم ئێمە براین بۆ هەمیشە، بۆ ژیان.

کۆدی زمانەکانمان هەبوو، ئێواران کە درەنگ بوو ئیمۆجی مەڕەکان مانای ئەوە بوو کە ماندوو بووین و دەخەوین. ئەگەر ئیمۆجیەکەمان کردبا بە وشەی beee پیتی Aواتە بەڕاستی زۆر ماندووین. و بەدوایدا زیبرا ,کەسێکی ناسراو(دیاریکراو)ی دیاری کردووە، '٦' کاتێکە کە زۆر نامۆ بووە و هتد.
هەندێک جار بە ڤیدیۆ بە تەلەفۆن پەیوەندیمان بە یەکترەوە دەکرد، بەڵام لەسەرەتاوە جۆرێک لە شەرمکردن هەبوو، شەرم بۆ قسەکردن لەگەڵ

یەکتری. نائاسایی بوو، زۆرجار پێدەکەنین، بەڵام دڵخۆش بووین.

سەلیقەی من بۆ زمانەکان و بە تایبەتی ڤیدیۆیەک کە نەورەس لە شاخە بەفراوییەکانی وڵاتەکەی دروستی کردبوو بە گۆرانییەکی عەدنان کەریم ‘بیرتان ئەکەم’ ـەوە بە دڵنیاییەوە پاڵنەرم بوو بۆ فێربوونی زمانی کوردی. چەند جار نەورەس بانگهێشتی کردبووم بۆ ئەوەی بچمە کوردستان، بەڵام کارەکەم و بارودۆخی کەسی ژیانم دەخستە مەترسییەوە بە چوونم بۆعێراق و دەترسام

دوای کەمتر لە ساڵێک پاش ناسینی یەکتر دواجار بڕیارمدا گەشت بکەم بۆ کوردستان.

## ئامادەکاری بۆ گەشتەکە

زۆر بە پەرۆش بووم بۆ چوون بۆ کوردستان، پلانم دانابوو لە ٤ی تشرینی دووەم لە هەمان ڕۆژی لەدایکبوونمدا سەفەر بکەم. نەدەکرا هیوای دیارییەکی باشترم بۆ بخوازیت. من زۆر زوو پلانی گەشتەکەم دانابوو، بلیتی فڕۆکەکەم لە کۆمپانیای پێگاسۆس حجزکردبوو وە ئەو سەردانانەی کە بڕیاربوو ئەنجامی بدەم، لەگەڵ نەوڕەسدا بەشداریم تێیاندا کرد لەوڵاتەکەی بەڕاستی دڵخۆش بووین بە گەشتی داهاتووم. نەوڕەس ئەو شانازیەی پێ بەخشیم کە بانگهێشتی کردم بۆماڵەکەی، بێ ئۆقرە بووم کە دواجار چاوم خۆی(جەستەی) بکەوێت، وە چاوم بە خێزانەکەی دەکەوێت. زۆر جار باسی دایک و باوکی و براکانی نەبەز و محەمەد و هەروەها لەنیای خوشکی بۆ دەکردم. هەروەها لە ڕێگەی ئەوەوە هەندێک لە ئامۆزاکانیم ناسی وەک ئاکار کە من

بەردەوامم لە گفتوگۆکردن لەگەڵیان هەروەک نەبەز لە شوێنەکانی تر.

بەدرێژایی چەندمانگێک، ئەو پەیوەندییە بەهێزەی هاوڕێیەتی کە لەگەڵ نەورەس هەمبوو، بەو مانایە بوو کە منی تێکەڵ بە دڵی خێزانەکەی کرد. من بووبووم بە برا گەورەکەی، 'کاکە'ی ئەو وەک ئەوەی پێی دەگوتم. زۆر شانازیم بەوەوە دەکرد. من لە سۆنگەی سۆزەوە نەورەسم بردبووە ژێر باڵم و هەوڵم دەدا بە باشترین شێوە یارمەتی بدەم یان هەوڵم دەدا پێداویستییەکانی بۆدابین بکەم.

هەروەها پەیوەندییەکانم لەگەڵ نەبەز و ئاکار بەهێزتر دەبوو و سەرەڕای بەربەستی زمان توانیمان زیاتر و زیاتر قسە بکەین. ئەمڕۆ هەست بە نزیکییەکی زۆریان دەکەم و بەشێکن لە ژیانم.

پێش ڕۆیشتنم بۆ کوردستان، سەردانی چەند ماڵپەڕێکم کردبوو لە ئینتەرنێت بۆیە زۆر شتم دەربارەی وڵاتەکە فێری‌خۆم کردبوو و تۆزێک شارەزابووم کە چی چاوەڕوانمە لەوێ، ئەم وڵاتە چۆنە، کورد چ مرۆڤێکە. هەروەها لەگەڵ مامۆستا و هاوڕێم حوسێن وانەی کوردی سۆرانیم دەخوێند، تامەزرۆی ئەوە بووم کە زیاتر و زیاتر دەربارەی زمانەکە بزانم وە لەبارەی کۆمەڵگای وڵاتەکەیەوە. زۆرجار حوسێن بە سەرقاڵییەوە پێی وتبووم "من ئەو بڕوایەم هەیە کە تۆ هەرگیز ناخەویت، تۆ خۆت ڕۆبۆتیت". فێربوونی سرووودی نەتەوەیی کوردی بۆ من هەنگاوێکی گرنگ(جەوهەری) بوو بۆ ناسینی کلتوری کوردی.

هەروەها بۆ من گرنگ بوو سوپاسی بنەماڵەی نەوڕەس بکەم بۆ ئەو پێشوازییەی کە لێیان کردم. بۆ من لە زمنی پرسیار دەرچووبوو کە بۆچی دەستی بەتاڵ هاتووم . ناچار بووم بە شێوازی خۆم سوپاسیان

بکەم بۆ میوانداری و میهرەبانیان. لە سەرووی هەموو شتێکەوە لافاوێک پرسیار بوو کە ئاراستەی برا بچووکەکەمم دەکرد بۆ ئەوەی بزانم هەریەکەیان حەزیان لە چی بوو لە پاریسەوە. بێگومان نەورەس وەڵامی دامەوە "نازانم، نازانم! » و وەڵامم دایەوە « بەڵام برۆ لێیان بپرسە.

ئەگەر وەڵامت نەبوو من نایەم" بە گاڵتە پێم گوت. من چووبوومە شانزەلیزە کە بەناوبانگترین شەقامی پاریس بوو و لە بۆنفرۆشێک ناوی یەکەمی لانیام لەسەر بوتڵێک بۆن هەڵکەندرابوو. لە پاریسەوە چەترێکم بردبوو کە دیکۆراتی لەسەر بوو بۆ گوڵانی هاوسەری نەبەز و ئۆتۆمبێلێکی بچوکی فێراریم بۆ غەززە بردبوو. من پرسیارم لە نەبەز کردبوو، غەززە نازناوی خۆیەتی، دەیەوێت چی بۆ بهێنم، هەر جارێک لەبەر شەرم، پێی وتم "هیچ براکەم، دەمەوێت تۆ بێیت". رۆژێک بە پێکەنینەوە پێی وتم، فێراریم

دەوێت. بە خۆشییەکی  نەخوازراوەوە بوو کە ئۆتۆمبێلێکی بچووکم بۆ دۆزیەوە. هێشتا ڕووخساریم لەبیرە کاتێک پێشکەشم کرد.

زۆر خۆشحاڵ بووم کە ئەم شتانەم بۆ خێزانە کوردەکەم کڕی بوو. من هەمیشە چێژم لە بەخشین دیوە و ئەم چێژەش زیاتر گەورەتر بوو چونکە بۆ کەسانی ئازیز بوو لە دڵمدا.

## گەشتی 816 بۆ هەولێر

لە کۆتاییدا ئەو ڕۆژەی کە لەمێژە چاوەڕوان دەکرا وادێت. پاشنیوەڕۆی پێنجشەممە ٤ی ئەم مانگە بە ئۆتۆمبێلێکی ئۆبەر ڕۆیشتمە فڕۆکەخانەی پاریس ئۆرلی بەبێ ئەوەی لە باوەشکردن و ماچکردنی دایکم دوابکەوم کە زۆر گرنگی پێدەدام. بەڵام خۆشیم بە جۆرێک بوو کە هەر هەستێکی ترس و بیمم لە ناو خۆمدا نەهێشتبوو.

تائێستا گەشتی ڕاستەوخۆ لە نێوان فەرەنسا بۆ کوردستان بوونی نەبووە، بۆیە یەکەم گەشتم بۆ ئەستەنبوڵ هەبوو و دواتر گەشتێکی دیکە چاوەڕێم دەکرد بۆ هەولێر. من هەرگیز بۆ ئەو مەسەلەیە نەچوومەتە ئەستەنبوڵ و نە تورکیا. دەزانم وڵاتێکی جوانە خاوەنی چەندین شوێنەوارە شایستەن، بەڵام تاکرەوی ئەم حکومەتە و ڕەگەزپەرستی زۆرێک لە تورکەکان بەرامبەر بە غەیرە تورکەکان هەمیشە لە

شایستەیەکەیانی کەم کردووەتەوە و هەمیشە ڕەتم کردووەتەوە بچمە ئەوێ. کاتێک لە فڕۆکەکەدا جێگیربووم، لە کۆتاییدا بەخۆم دەڵێم، دەچم بۆ کوردستان، دەچم بۆ بینینی براکەم و خێزانە کوردەکەم. لەناو فڕۆکەکەدا خەڵکێکی زۆری لێ نەبوو و دەمتوانی لەسەر کورسییەکانی نزیکی خۆم قاچەکانم درێژ بکەم. من لەگەڵ نەورەس لە (مەسنجەر) قسەم دەکرد و پێی وتم کە ئەویش لەگەڵ نەبەز و محەمەدی زاوای بە ئۆتۆمبێلەکەی دەڕۆن بۆ فڕۆکەخانەی هەولێر کە زیاتر لە سێ کاتژمێر لە ماڵەکەیانەوە دوورە. بە تایبەتی سوپاسگوزار بووم کە بە ئۆتۆمبێلەکەی محەمەد هەڵیانگرتم لە هەولێرەوە. کە ئەوەندە لە ماڵەوە دوورە.

دوای سێ کاتژمێر و بیست خولەک لە گەشت لە بچووکترین فڕۆکەخانەی ئەستەنبوڵ دەنیشمەوە. زۆر گەورە و تاریک و کۆن نەبوو، تەئسیراتی باشی

لەسەرم نەبوو شوێنە. خۆشبەختانە ناچار نەبووم
جانتاکەم کۆبکەمەوە، ڕاستەوخۆ لە گەشتەکەمدا بۆ
کوردستان ئاڕاستە کرا. من لەوێ یەک کاتژمێر و نیو
پەیوەندیم هەبوو و کاتێک دەروازەی سواربوون بۆ
هەولێر لەسەر شاشەکان دەرکەوت، پەرۆش بووم.
بەرەو دەروازەی سواربوون دەڕۆم کە زۆر کەس
پێشتر چاوەڕێیان دەکرد. ئەوان کورد بوون، دەبێ من
تاکە ئەوروپی بووبم. یەکەم جار بوو ئەوەندە کوردم
ناسی، لە دڵی خۆمدا گوتم: ئاهههههـ کوردن! ئاماژەم
بەوەشکردووە، "خۆشحاڵ بووم کە لەنێویاندا بووم.
پاشان دوای ماوەیەک دەستمان کرد بەسواربوونی
فڕۆکەکە. دادەنیشم، دوا نامە بۆ براکەم دەنێرم پێی بڵێم
ئەوە؛ بۆ کوردستان بەڕێدەکەوم. پێشتر گەیشتبوونە
فڕۆکەخانەی هەولێر. فڕۆکەکە بەرزبووەوە، لەسەر
شاشەکە بەدواداچوونم بۆ پێشکەوتنی فڕینی فڕۆکەکە

کرد لەسەر نەخشەکە. فڕۆکە کە بەرە و باشووری ڕۆژهەڵات بەرەو تورکیا

دابەزی و چووە ناو باکووری کوردستان ، نەمتوانی خوارەوە ببینم چونکە پێشتر بۆ

ماوەیەکی زۆر تاریك بوو بە ڵام دەزانم کە ئێمە لە سەروی شاخەوە بووین .

هەندێک تێکچوونمان هەبوو و فڕۆکەکە دەستی کرد بە لەرزین، من لە ناوەوە نزام دەکرد و دەمگوت تکایە خوای گەورە با بچمە کوردستان و سەردانی برا بچوکەکەم بکەم! دوای دوو کاتژمێر و نیو لە فڕین فڕۆکەکە دەستی کرد بە دابەزین بەرەو شوێنی نیشتنەوەکەی، دەمتوانی خانووەکان و تاوەرە مۆدێرنەکانی هۆتێلە ڕووناککراوەکانی نزیک فڕۆکەخانەکە ببینم. ئەوەندە بەحەسرەت بووم بۆ گەیشتن.

کاتێک نیشتمەوە لە فڕۆکەکە دابەزیم و بە گومرگدا ڕۆیشتم، دەبوایە ڤیزا بدەم پاشان جانتاکەم وەردەگرم، هەوڵمدا نەوڕەس ببینم بەڵام هێشتا نەمبینی، ناچار بووم لەوێ دەربچم.دەبێ لە فڕۆکەخانە پاس بگریت بۆ ئەوەی بگەیتە پێشوازی فڕۆکەخانە. بە جانتا سوورەکەم و جانتاکەی پشتم لە پاسەکە دابەزیم، زۆر پەرۆش و دڵخۆش بووم، هەستێک کە بە سەختی دەتوانم ڕوونی بکەمەوە. لەگەڵ ڕێبوارەکانی تردا لە بیناکە نزیک دەبمەوە، دەرگا ئۆتۆماتیکیەکان دەکرێنەوە، دەچمە ژوورەوە و خەڵکێکی زۆر لەوێ چاوەڕێی خێزانەکانیان دەکرد، ژاوەژاو دەهات، خەڵک خۆشحاڵ بوون بە یەکتر بینین. پاشان لە دوورەوە غەززە و محەمەد دەبینم، بەڵام هێشتا نەوڕەس نابینم. دواتر دەیبینم دەگات، چ سوپرایزێکە، چ هەستێکە،

هەموومان بە خۆشییەکی زۆرەوە یەکتر لە باوەش دەگرین.

نەورەس بە خێرایی جانتاکەمی برد و بەرەو شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێل ڕۆیشتین کە ئۆتۆمبێلە سپییەکەی محەمەدی لێ بوو. دڵخۆش بووم، بەڵام پەشۆکاو بووم، چیتر نەمتوانی وشە بدۆزمەوە بۆ دەربڕینی خۆشیەکەم کە ناوەکی بوو. نەورەسیش نەیدەکرد، کەم قسەی دەکرد.

لە کۆتاییدا دەتبینم براکەم بەڵام چ خۆشییەک، چ خۆشییەکە کە دواجار تۆ دەبینم.

## لە ڕێگای سلێمانی

سواری ئۆتۆمبێلی محەمەد دەبم، بانگهێشتیان کردم تا پێشەوە دابنیشم. نەورەس شۆفێری دەکرد. لەبیرمە نەبەز چاوی لێدەکردم، یەکەمجار بوو پێم وایە ئەوروپییەکی بینیبێت. هەستم وەکو ئاژەڵێک بوو لە باخچەی ئاژەڵان! دڵخۆش بووم، بەڵام نەمتوانی هیچ بڵێم، مێشکم پێشبڕکێی دەکرد، هەست و سۆز زاڵ بوو بەسەرمدا. ڕێگاکە درێژ بوو و لە تاریکی شەودا نەمدەتوانی سەرسام بم بە دیمەنەکە، بەڵام لە کوردستان بووم، بەزەحمەت باوەڕم پێی دەکرد.

محەمەد ویفەر(گەز)ی شوکولاتەی پێشکەش کردم، پێیان وتم "برسیت، دەتەوێت شتێک بخۆیت؟ - کەمێک ماندوو بووم. لە ڕێگای گەڕانەوە بۆ سلێمانی بە بازگەکاندا تێپەڕین، زۆربەی کات پێشمەرگەکان گرنگییان پێ نەدەداین. هەر لەسەر ئەم ڕێگایە بوو کە وشەیەکی نوێم لە زمانی کوردیدا فێربووم 'تاسە'،

ئەوان لە هەموو شوێنێکن و چاوی تیژەکەی نەوراس دەیزانی چۆن بیانبینێت. بۆ من دەبوو چاوێکی بایۆنیکی هەبێت تا بتوانێت بیانبینێت. بەڵام لەکاتی لێخوڕینی نەوراسدا بە خێراییەکی زۆرەوە تێپەڕی بەبێ ئەوەی لەسەر یەکێک لەم خێراییانە بیبینێت! سەیارەکە لەرزی، هەموومان سەرمان سوڕماوە و منیش بە گاڵتەییەوە لە دڵی خۆمدا دەڵێم "دوو فڕۆکەم گرت تا بێمە ئێرە و ئێستا نەوڕەس دەیەوێت ئەیرباگەکە بە ڕووخسارم تاقیبکاتەوە؟! ".

لە نزیک شارۆچکەی کۆیە تێدەپەڕین کە بە ڕای هەمووان شارۆچکەیەکی دوورەدەستە. لەوەش زیاتر، دەوستین بۆ خواردنی لەفەیەک. ئەوە یەکەم سەرنجی من بوو لەسەر کوردستان. هەرچەندە کاتژمێر پێنجی بەیانی بوو، بەڵام هێشتا چێشتخانە بچووکەکان کراوە بوون. تەنها پیاوان لە شەقامەکەدا بوون، تا ڕادەیەک گەنج بوون، هەندێکیان جل و بەرگی نەریتییان

لەبەردا بوو و لە دەرەوە خواردنیان لێدەنا. ئەوە یەکەم سەرنجەکانم بوو لەسەر کوردستان کە ئەوەندە دوور بوو لە ئاماژەکانم بۆ ئەوروپا، وە هەروەها ئاشنابووم پێی نزیک بوو لەوەی کە توانیبووم لە ئیسرائیل بیبینم. بەرەبەیان گەیشتینە شاری گەورەی سلێمانی لە ماڵی محەمەد. نەورەس پێم دەڵێت، هێشتا زووە بچمە لای دایک و باوکم لە سەیدسادق، دەچین لەگەڵ محەمەد دەخەوین. محەمەد و لەنیا لەودیو حەوشەیەکی ناوەوە دەژین، لە شوقەیەکی جواندا، کەبە سەلیقە ڕازاوەتەوە. تێبینی ئەوە دەکەم هەمووان پێش چوونە ناو ماڵەوە پێڵاوەکانیان دادەکەنن. بێگومان منیش هەمان شتم کرد. من بۆم دەردەکەوێت کە ئەوە، لە دەرەوەی پێوەرێکە بۆ پاکوخاوێنی، نیشانەی ڕێزگرتنە بۆ خاوەنماڵ کە پێڵاوەکانت لاببەیت، وەک ئەوەی بتەوێت ئەو شوێنە پیرۆز بکەیت کە تێیدایت. محەمەد بانگهێشتم دەکات بۆ ناو ماڵەکەی خۆی و ژوورەکەی خۆی و جێگاکەم

پیشان دەدات تا لەوێ پشوو بدەم. زۆر موتەئەسیر بووم وە شەرمەزار یش بووم بەم جۆرە گرنگیدانە لە کاتێکدا محەمەد و نەبەز و نەورەس لەسەر زەوی خەوتبوون. خەریکی هەڵدانەوەی هەندێک لە شتەکانم بووم و دەچوومە ناو جێگەخەوەکەمەوە کە لەناکاو نەوراس پێی وتم ‘میز مەکەرە ناو پیژامەکەتەوە’. چەندین جار پێکەنین بە وتنی ئەم قسانە لە کاتی گفتوگۆکانمان لە مەسنجەر پێش ئەوەی بخەوین.

پێش خەوتن تەلەفۆنم بۆ نەورەس کرد، هاتە ژوورەکەم و لێی پرسیم چی ڕوودەدات؟ چەند دیارییەکم پێدا کە لە پاریسەوە بۆم هێنابوو. زۆر شۆک بوو، دەموچاوی بە شێوەیەک لە خۆشیدا ڕووناک بووەوە و بە توندی لە باوەشی گرتم.





## دواجار له کوردستان

چەند کاتژمێرێک خەوتم، پاشان لە خەو هەڵسام، ڕووناکی لە ڕێگەی پەردەکانەوە دەهات، بەڵام هیچ دەنگێکم نەدەبیست. نەمدەوێرا, هەستام و لە جێگاکەمدا مامەوە. پاشان لەپڕ گوێم لە هاواری منداڵێک بوو کە لە حەوشەدا کاتێکی خۆش بەسەر دەبات و ماوەیەک دواتر ئەوە دەنگی محەمەد بوو کە بیستم. پێموایە، بە دایکی دەڵێت کە منداڵەکە بێدەنگ بکات چونکە هێشتا خەوتبووین، بەڵام من مەشغوڵم چونکە پێشتر بەخەبەرهاتبووم. تا ماوەیەکی زۆر دوای ئەوە و لە پاشنیوەڕۆدا هەستام، هەموویان بێدار بوون و ئیشیان بە مۆبایلەکانیان دەکرد.

ڕۆژ بوو و تیشکی خۆر بە درەوشاوەیی بەسەر حەوشەی بەردەم شوقەکەی محەمەددا دەدرەوشایەوە. لە دەرەوە قەنەفەیەک هەبوو لەسەری دانیشتم لەگەڵ کاکاوەس هەموو زەردەخەنەیەک بۆ بینینی یەکتر لە

ڕۆژێکی ڕووناکدا. محەمەد بە میهرەبانییەوە خواردن و خواردنەوەی پێشکەش کردم، دواتر خۆمان ئامادە کرد بۆ ئەوەی بچینە سەیدسادق کە خێزانی نەورەس چاوەڕێمان بوون.

پێش ئەوە محەممەد لە دوکانێکی شیرینی دەوستا بۆ ئەوەی کێکی لەدایک بوونی لەنیا هەڵبگرێت. لەنیا لە پێنجی تشرینی دووەم لەدایک بووە و نەورەس پێم دەڵێت پێکەوە یادی لەدایکبوونتان دەکەینەوە، من لە ٤ی هەمان مانگ لەدایکبووم. هەمان ڕۆژ وابزانم لە دەزگایەکی ئاسیاسێڵ وەستاین تا بتوانم سیمکارتێکی عێراقی وەربگرم. ئەو شتانەی کە داواکراو بوو بۆ کڕینی سیمکارتێک باوەڕپێنەکراوە! داواکاری پاسپۆرت، زانیاری کەسی و هتد، خۆشبەختانە نەورەس لەگەڵم بوو بۆ ڕێنماییکردنم. لەم مانەوەیەدا هەمیشە لەگەڵمدا بووە. تا ئێستاش لەبیرمە ئەو کارمەندەی پێشوازی لێکردین پرسیاری ڕەگەزنامەی

فەڕەنسی)، ☹منی کردبوو، نەوراس وەڵامی دایەوە ئەو بە فەلەستینی تێگەیشتبوو. وتی "نە فەرەنسی! » دەڵێم « چ فەلەستینییەکە! ئێمە بە دەنگی بەرز پێدەکەنین، کچەکە زەردەخەنەی کرد کە بینیمانی پێدەکەنین.

پاشان، هێشتا لە سلێمانی، محەمەد لە گەراجێکی بچووکی ناوەندی شار وەستا. لە نزیک بازاڕی سلێمانی جۆرێک پیتزای کوردیمان دەخوارد کە گۆشتی وردکراو و زەڵاتەی تەماتە و پیازی لەسەر بوو. (مەبەستی کولێرەبەقیمە)هەروەها بۆ یەکەمجار ئەم ساردی ەی دیو م بینی کە پێیان دەگوتم هەمووان حەزیان لێیە. هەر لە کۆتایی نیوەڕۆدا بوو کە گەڕاینەوە بۆ شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێلەکان و لەویَ سەرم سوڕما کە ژمارەی  ئۆتۆمبێلەکان زۆربوو کەدبەیەکەوە لکاون. مەحاڵ بوو ئۆتۆمبێلەکە دەربهێنرێت. خاوەن گەراجەکە ناچار بوو زۆر

ئۆتۆمبێل بگوازنەوە بۆ ئەوەی ڕێگای دەرچوونیان بۆ پاک بکەنەوە.

دواجار ڕێگای سەیدسادقمان گرتە بەر. لە ڕێگادا بەلای ناوچەی گرێزە دا تێپەڕین، کاتێک سەیری دیمەنی سروشتیم دەکرد، نەورەس پێی وتم سەیرکە، ئەمە گرێزە یە شاری حسێن مامۆستاکەت. لەناکاو بازم دا و هاوارم کرد "چی؟ » پێی دەڵێم « دەبێت وێنەیەک بگرم و بۆی بنێرم ». نەورەس بە شێوەیەکی خێرا سوڕایەوە بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ سەرەتای شارەکە، کە تابلۆی ناوی شارەکەی لێیە. لە سەیارەکە دابەزیم و وێنەیەکیان گرتم، کە هەر یەکسەر بۆ حوسێنم نارد. تا ئێستاش لەبیرمە کاردانەوەی شۆکی مامۆستاکەم کە لەبیری کردبوو لە کوردستانم.

خۆرئاوابوونی ئەو ڕۆژە جوانییەکی بێئەندازەی

هەبوو، ڕەنگی گەرم بە ڕووناکی کۆتایی ڕۆژەکە ئاشکرا بوو. لە کاتێکدا لە سەیدسادق نزیک بووینەوە کە بە شاخەکەیەوە  کە لە دوورەوە دەناسرێتەوە، یەکێک لە جوانترین وێنەکانی مانەوەم لەگەڵ شار و زنجیرە چیای زاگرۆس گرت.












گرێزە
Greza


100



# خاتوو حەمدیە و کاک عەبدولکەریم

لە کۆتاییدا دەگەینە سەیدسادق کە شارۆچکەیەکی بچووکە و کاتژمێرێک لە سلێمانیەوە دوورە. بە ڕێگای سەرەکیدا دەچینە سەرەوە پاشان شەقامێکی ڕاستڕەوە دەگرینە بەر بۆ ماڵی دایک و باوکی نەورەس.

ناوچەکە تەواو ئارامە، بێبەری بە دەنگی منداڵان کە لە شەقامەکەدا یاری دەکەن کە لێرە و لەوێ چەند ماتۆڕسکیلێک لە نێوان پشیلەکاندا تێدەپەڕن و هەندێکجاریش مریشکەکان لە نزیک ماڵەکانەوە . ماڵی نەورەس لە خانووی تاکەکەسی(جیا-یەکـنهۆمی) پێکهاتووە کە لە بەرامبەر یەکتردان، زۆرجار لەپێشەوە حەوشەیەکی بچووکیان هەیە. بەرامبەر ماڵەکەی دوکانێکی بچووکی خواردن و خواردنەوە هەیە کە دەتوانیت هەموو شتێکی تێدا بدۆزیتەوە.

خەڵک هەموویان لێرە یەکتر دەناسن، سڵاو لە یەکتر

دەکەن و پێدەچێت کۆمەڵگەیەکی ڕاستەقینەی نزیک پێکبهێنن.

لە کاتێکدا بەسەر ئەو پلیکانانەدا سەردەکەوم کە بەرەو ماڵەکە دەڕۆم، حەوشەیەکی بچووک دەدۆزمەوە کە بە ڕووەک و گوڵدان ڕازاوەتەوە. لە دەرگای پێشەوە خاتوو حەمدیە وەستاوە کە بە زەردەخەنە هەمیشەییەکەی پێشوازی لێکردین. قسەی بەخێرهاتنەکەی هێشتا لە مێشکمدا دەنگ دەداتەوە، هەوڵمدا بە کوردییەکی زۆر ناتەواو وەڵامی بدەمەوە، بە داماوی سەیری نەوڕەس بکەم تا بتوانێت بیرکردنەوەکانم وەربگێڕێت. پێش ئەوەی بچمە ماڵی نەوڕەس، دەمزانی کە خێزانەکەی ئاینین، نەمدەویست هیچ هەڵەیەک بکەم و گرنگیم بە زانینی ئەو کۆدانە دەدا کە ناچار بووم بیگرم کاتێک دەبوو لە ژێر سەقفی ماڵی ئەواندا بژیم. تا ئەو شوێنەی کە پەیوەندی بە سەردانکەرانەوە هەیە، جیاکردنەوە نێوان ژن و پیاو

تەواو ئاشکرایە. ناتوانرێت بەرکەوتنی جەستەیی لە نێوان ژن و پیاودا هەبێت کاتێک کەسەکە لە دەرەوەی بازنەی خێزان بێت. بۆیە هیچ شتێکی ئەوتۆ بوونی نەبوو تا من تەوقە لەگەڵ خاتوو حەمدیە بکەم. لە ڕوانگەی ئەورووپییەوە ئەمە ڕەنگە سەرلێشێواو دەرکەوێت، بەڵام منی تووشی شۆک نەکرد چونکە ڕێکار(عادەت)ێکە و بە هەمان شێوە لە نێو جولەکەکە ئاینیە پابەندەکانیش جێبەجێ دەکرێت.

لە دیوەخانەکەدا، کاک عەبدولکەریم ی لێبوو کە گەرمترین پێشوازی لێکردم. باوکی نەوڕەس بوو،بە سروش زۆر دۆستانەیە. زۆربەی کاتەکان جلوبەرگی نەریتی کوردیی دەپۆشێت، ئەمەش سیمایەکی جوانی پێدەبەخشی. یەکسەر هەستم بە باشی کرد لەماڵی کاک عەبدولکەریم و خاتوو حەمدیە. سادەیی سروشتییان و زەردەخەنە و میهرەبانی قووڵیان

ماڵی کوردی سادەیە بەڵام ئەوە کافیە بۆ گەرموگوڕیان، لەوێ هەست بە خۆشی دەکەیت.
هەموو شوێنەکان بە فەرش داپۆشراون و هەرچەندە قەنەفەی تێدایە، بەڵام زۆربەی کات کورد پێی باشە لەسەر زەوی دابنیشێت و هەندێک جار کورسیەک بۆ پشوودانی ئەژنۆ یاخود پشتی. هەرچەند بانگهێشتیان کردم بۆ ئەوەی لەسەر قەنەفەکە دابنیشێم، منیش وەک ئەوانم کرد و لەسەر زەوی دانیشتم و گوتم "نا، نا، سپاس، منیش کوردم" ئەوە وای لێکردن پێبکەنن.

لەماوەی تەواوی مانەوەم لەکوردستان هەمیشە موراعات(ڕەچاو)ی منیان کردووە. پێم وایە یەکەم جار بوو پێشوازی لە کەسێکی ئەوروپی بکەن بۆ ماڵەکەیان.

هەروەها بۆ یەکەم جار لەنیا خوشکی نەوڕەس و برا بچوکەکەی کە ناوی محەممەدیشە، ناسیم. ڕۆژێک نەوڕەس بە گاڵتەجاڕیەوە پێی وتم "لە هەموو

بنەماڵەیەکدا محەمەدێک هەیە". هەروەها هەردووکیان بە میهرەبانییەکی زۆرەوە پێشوازییان لێکردم. لەنیا، خوشکە بچووکەکەی نەورەس بەم دواییە هاوسەرگیری لەگەڵ محەمەد کردبوو. ئەو محەمەدەی کە خاوەنی سەیارەیەکی سپییە و لە فڕۆکەخانەی هەولێر هەڵیگرتم. نەبەز بچووکترینی ئەو بنەماڵەیە ساڵێک پێشتر لەگەڵ گوڵان هاوسەرگیری کردبوو. گوڵانی شیرین ئەو ئێوارەیە ئامادە نەبوو، چەند ڕۆژێک دواتر چاوم پێی دەکەوێت.

هەر ئەو ئێوارەیە دایک و باوکی نەورەس و لەنیا خەریکی ئامادەکردنی خواردنەکە بوون. ئەوەندەی ئەو خواردنانەی لە چێشتخانەکان پێشکەش دەکرێن هەمیشە کەم تا زۆر وەک یەکن، خواردنە کوڵاوەکانی ماڵەوە جۆراوجۆرییەکی زۆر و خواردنی زۆر بە تام پێشکەش دەکەن. لەسەر فەرشەکە پەرداخێکی پلاستیکی گەورەیان دانا بۆ پاراستنی، پاشان قاپەکان،

پەرداخەکان، چەقۆکانیان دانا. شوشەیەک پڕ لە زەیتی زەیتوون دانرابوو. لە کوردستان چەند جۆرێک هەیە کە پلەی ترشێتییان جیاوازە. نانێکی کوردی نانێکی گوڵاو و تەختە بە شێوەیەکی نەریتی لە فڕنی دەرەوەدا دەکوڵێنرێت، گەرم دەبێت و تامێکی ڕاستەقینەیە. هەروەها زەڵاتە بە تۆوی هەنارەوە هەبوو. کاتی لێکردنەوەی بوو لە مانگی 11 دا. هەروەها مرەبای هەنار پێشکەش کرا بۆ هەمڕایی لەگەڵ خواردنەکان. بەڵام ئەوەی زۆرترین سەرنجی ڕاکێشام ئەم مەنجەڵە زەبەلاحە بوو کە لە ناوەڕاستی سفرەکەدا بوو. خاتوو حەمدیە بە یارمەتی هاوسەرەکەی بە لێزانییەکی زۆرەوە مەنجەڵەکە و ناوەکەی لەسەر قاپەکەی هەڵگەڕاندەوە. دۆڵمە بوو، خواردنێکی زۆر بە تام بوو. کاک عەبدولکەریم دڵنیا بوو لەوەی قاپەکەم هیچی تێدا نییە و هەمیشە خواردنەوەکەمی پێشکەش دەکرد. من کەمێک شەرمەزار بووم بەو جۆرە داواکردنە،

بەڵام ئەو بیرکردنەوەمی بەرز دەنرخاند کە نیشانی دام.

بە پێی پەتی و بە قاچ نوشتانەوە دانیشتبووم، لە لای ڕاستمەوە نەبەز و لە لای چەپمەوە نەوڕەس بوو، یەکەم ژەمی خێزانیم دەخوارد.

دوای ئەم ژەمە پڕبەدڵە، لە ژووری میوان دانیشتین و لەگەڵ محەمەدی برا بچووکەکە، یاری ئێکس بۆکسمان کرد، یارییەکی چەتە بوو کە ناوەکەیم لەبیر نییە، لە کۆنترۆڵکردنی ئۆتۆمبێلەکە باش نەبووم و کاک عەبدولکەریم سەیری یاریکردنی دەکردم، بەسەر ژمارەیەک ڕێبوار و بە تایبەتی پیادەیەکدا ڕامکرد. کاک عەبدولکەریم هاوارێکی کرد بۆ ئەوەی سەرنج بدەم و منیش وەڵامم دایەوە "کەیشا نیا، بەراله"(کێشەنییە براله). پێکەنی کاتێک گوێی لە من بوو کە ئەو وشەیەم دەگوت.

لەنیا و دایکی هاتنە ژووری میوان و کێکی ڕۆژی لەدایک بوونیان هێنا. هەموومان لە دەوری لەنیا کۆبووینەوە بە تایبەتی لە دەوری ئەو کێکەی کە محەمەد، هاوسەرەکەی، پێشتر بە گرنگییە تایبەتیەکەی بۆی کڕیبوو. ئەو دەرفەتەم قۆستەوە و دیارییەکی بچووکم کە لەفەرەنساوە هێنابووم پێشکەش بە لەنیا و هەر ئەندامێکی خێزانەکەم کرد. ئەم ساتە زۆر دڵخۆشی کردم.

پاش ماوەیەکی کەم ئاکار هات بۆ سەردانمان. ئاکار کوڕێکی گەنجە کە لە بەهاکانی ئیسلامدا پەروەردە بووە و کردوویەتی بە کەسێکی ڕاستگۆ و دڵێکی پاک. زۆر خۆشحاڵ بووم بە ناسینی. ماوەیەکی زۆر بوو لەگەڵ یەکتر قسەمان دەکرد. پاشان نەوڕەس بە ڕاشکاوی سروشتی خۆی پێی وتم: دەتەوێت کتێبەکانم ببینیت؟ نەوڕەس زۆر جار ئەو کتێبانەی کە لە کاتی تەلەفۆنە ڤیدیۆییەکان(ڤیدیۆ کۆڵ)ـەکانمان دەیکڕی

پیشانی دەدام و لەگەڵمدا هاوبەشی پێ دەکرد، من
هەمیشە ڕۆحی دۆزینەوە و عەقڵی کراوەی نەورەسم
بەدڵ بووە. هەرچەندە بۆ ماوەیەکی زۆر خوێندنی
هەڵنەبژاردوەتەوە، بەڵام ئەمە نەبووە هۆی ئەوەی کە
تامەزرۆی زانست و فێربوونی شتەکانی جیهان نەبێت.
لە ڕێگەی خوێندنەوەکەیەوە بوو، پێموایە دەیتوانی لە
وڵاتێک ڕزگاری بێت کە نەیدەتوانی لێی بڕوات و
سەردانی جیهان بکات. بەدوای نەورەسدا چوومە
ژووری جلگۆڕینەکەی کە کتێبەکانی پیشاندام، پاشان
کڵاوێکی نەریتی بە شیڤرۆن(خەت)ی سپی و ڕەشەوە
دەرهێنا هەروەها ئەو خەنە، جامانە، کوردی بە هەمان
ڕەنگ و تەسبیحێکی نەریتی کوردی شایستە بە ناوی
تەسبیح م کە هی ئەوم پێشکەش بکرێت.

من بەو میهرەبانییە زۆرەی لەلایەن ئەوەوە شەرمەزار
بووم، هەستم بەو دۆستایەتییە قووڵە دەکرد کە
بەرامبەرم دەریدەبڕی. وەک برایەک بۆ برایەکی تر،

له باوەشم گرت تا هەموو خۆشەویستی و سوپاسگوزارییەکمی نیشان بدەم...


KEEP
CALM
AND





## جوانترین گوندی جیهان

هەمان ئێوارە دوای نانخواردن، من و نەوڕەس و نەبەز و محەمەد و هاوسەری لەنیا و ئاکار بەرەو جۆمەڕەسی گوندی بنەماڵەی کاک عەبدولکەریم دەڕۆین. جۆمەڕەسی گوندێکی بچووکە و دەکەوێتە ناو دۆڵێک لە دامێنی زنجیرە چیای سورێن کە دوور نییە لە ئێرانەوە. بەهۆی ئەوەی زۆرجار لەو بارەیەوە قسەم لەگەڵ کردبوو، بە وردی دەمزانی گوندی نەوڕەس لە کوێیە و بیرۆکەیەکی دیاریکراوم هەبوو کە گوندەکە چۆنە بەهۆی ئەو وێنانەی کە بۆی ناردبووم. بەڵام چی دەبوو بە دۆزینەوەی ئەم شوێنە سەرسوڕهێنەری من بوو بێت.

بە پیکاپی کاک عەبدولکەریم ڕۆیشتین. هەروەها بلۆکمان لەگەڵ خۆمان هەڵگرتبوو چونکە کاک عەبدولکەریم بەم دواییە خانووەکەی دروست کردبوو

و دەیویست هەندێک کەرەستە بهێنێتە ماڵەکەی.

هەموومان خۆمان خستە ناوەوە بۆ ئەوەی بە خێرایی بلۆکە کۆنکرێتییەکان لە پشتی ئۆتۆمبێلەکەدا بار بکەین. "داست خوش" نەوڕەس هاوارێکی لێکردم بۆ ئەوەی سوپاسگوزاری خۆی دەرببڕێت بۆ یارمەتیدانی. دەربڕینێک کە نەمدەزانی و زۆر جار لە کوردستان دەیبیستم. مانەوەم یارمەتیم داوە فێری وشەی نوێ بم.

بۆ گەیشتن بە گوندی جۆمەڕەسی دەبێت ڕێگای قیرەکە بەجێبهێڵیت و ڕێگایەکی خۆڵ و پێچاوی بگریت، تاریک بوو، نزیک بوو نیوەشەو، بەڵام نەوڕەس لە پشت سوکانەوە بوو و ڕێگاکەی باش دەزانی. من لە پێشەوە دانیشتبووم، بەهۆی قاچە درێژەکانم و لە سەرووی هەمووشیانەوە ئەو ڕێزەی میواندارەکان پێیان دەدام، لە کاتێکدا سێ کەسەکەی تر لە پشتەوە دانیشتبوون . ئۆتۆمبێلەکە وەک بزنێک دەلەرزی

بەهۆی بارودۆخی ڕێگاکە بەڵام هەموومان زۆر باش بووین.

لەگەڵ نزیک بوونەوەمان لە گوندەکە، گڵۆپی پێشەوەی ئۆتۆمبێلەکان ئەو بەردانەی ڕووناک دەکردەوە کە چەند سەد مەترێک لە ڕێگاکە ڕیز بوون. میوەی هەنار یەکێکە لە میوە خۆشەویستەکانم و لە ماوەی لێکردنەوەیدا گەیشتبوومە کوردستان. فێستیڤاڵی هەنار لە شارۆچکەی هەڵەبجە بەڕێوەچووبوو. لە گڵۆپەکانی پێشەوە دەمتوانی میوە سوورە پێگەیشتوەکان ببینم. خەریک بوو دەمم ئاو بکات. نەوڕەس وەستا و لەگەڵ محەمەد چووینە دەرەوە بۆ ئەوەی چەند هەنارێک هەڵبگرن تەنها بۆ ئەوەی دڵی من خۆش بکات.

گەیشتینە ماڵی لادێی نەوڕەس. لەم شەوی مانگی 11دا جەو فێنک بوو، بەڵام نەمتوانی دیمەنەکە ببینم. لە دوورەوە گوێم لە دەنگی گورگەکان بوو، کە پێدەچوو میواندارەکانم سەرسام بکات. دەچینە ناو ماڵەوە،

نەورەس گڵۆپەکە دادەگیرسێنێت. خانوویەکی خۆش دەدۆزمەوە کە ژوورەکانی فراوانن، سۆبەیەک لە ناوەڕاستی ژوورەکەدایە بۆ گەرمکردنیماڵەکە، کاتێک لەناکاو جاڵجاڵۆکەیەکی زەبەلاح لەسەر دیوارە سپییەکە دەبینم. هەموومان وشک بووین، نەورەس گرتی، سەری گرت و بە پێڵاوەکەی فلیقاندیەوە(پانی کردەوە) هێشتا گوێم لە دەنگی پانکردنەوەی جاڵجاڵۆکەیە لە بنی پێیدا.

محەممەد و ئاکار لەسەر زەوی دانیشتبوون خەریکی هەڵپچڕینی مەعکەرۆنی بوون و شۆربایەکیان ئامادە دەکرد. ئاکار لەکاتێکدا زەردەخەنە دەکات پێم دەڵێت شۆربایەکی چینییە. نەورەس سەرقاڵی گەرمکردنی ئاو بوو لە کاتێکدا نەبەز بە لاپتۆپەکەی یاری دەکرد. گەرمی کردەوە. نزیکەی دوو و نیوی بەیانیە بێ ئەوەی لەبیرمان بچێت چەند سێلفییەک لەگەڵ ئاکار بگرین لەسەر جێگاکانمان، خەوم لێکەوت.

بەیانیەکەی دیکە کەمێک پێش کاتژمێر دە، یەکەم کەس بووم لە خەو هەڵسام. گاڵتەم دەکرد هەروەک چۆنم، دەرفەتەکەم قۆستەوە وێنەی هاوڕێکانم بگرم کە هێشتا خەوتوون. نەورەس بە بەتانیەکەی بە تەواوی خۆی داپۆشیبوو، نەماندەتوانی سەری لە پێیەکانی جیا بکەینەوە، لە مۆمیایەک دەچوو. ڕووناکییەکە کە پێشتر ناوەوەی ماڵەکەی بە باشی ڕووناک دەکردەوە و بێزاری کردبووم لە دۆزینەوەی دیمەنێک. بێ ئەوەی دەنگ بکەم هەستام، لە پەنجەرەوە گەڵای دارەکانم بینی کە لەگەڵ شنەبای بەیانیدا دەجووڵێن. لە ماڵەوە دەردەچم و دیمەنێکی شایستە لەبەردەم چاومدا دەکرێتەوە. خانووەکە لە لای گردێک لە دۆڵێکی سەوزدا دروستکراوە و لوتکەی شاخەکان خۆیان وەک تەماشاکردنێک پێشکەش بە چاوی مرۆڤەکان دەکەن. دەرگاکە دادەخەم و پێڵاوەکانم لەپێ دەکەم و

هەنگاودەنێم و لە ماڵەکە دوور دەکەومەوە. شیرینی پاییزی خۆر لەسەر شاخ دەدرەوشێتەوە. من بە ڕوونی دەتوانم چینە جیاوازەکانی ڕووەک ببینم تا لوتکەی شاخەکان کە کەمتر دەبێتەوە. هیچ دەنگێک نییە جگە لە ئاوازی باڵندەکان، دەنگی با لەسەر گەڵاکانی چنار و ڕژانی چەمێک. بەناو دارەکاندا دەڕۆم. هەوا تەندروست و پاکە. ئەو ڕووناکیەی کە ئەم شوێنانە دەشوات بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر جوانە. چ ئارامیەکە خوایە گیان، چ پڕبوونێک.

دوای چەند خولەکێک ئاکار کە بە پاڵتۆکەی خۆی پێچاوەتەوە، لە دەرەوە لەگەڵمدا دێت. لە لای گردەکە دادەبەزین و بەسەر سیاجێکی بچووکدا هەنگاو دەنێین بۆ ئەوەی بگەینە بنی دۆڵەکە. لەکاتێکدا وێنەی دیمەنەکە دەگرم، ئاماژە بە دار گوێزەکان دەکات کە هەروەها بە ژمارەیەکی زۆر لە ناوچەکەدا دەچێنن

نەورەس کە لە پەنجەرەوە سەیری دەکردم دێتە دەرەوە و بانگمان دەکات. پێکەوە نانی بەیانی دەخۆین. نان و پەنیر و چای لەگەڵ هەموو ژەمەکانی بەیانیانمدا دەبێت. چایەکە ئەوەندە باشە، ناتوانم جارێکی تر بیخۆمەوە کاتێک پێشکەشم دەکرێت. نەبەز شەرواڵی باوکیم بە قەرز دەداتێ، شەرواڵێکی قاوەیی و منیش ئەو جامانە کوردییە لەسەر دەکەم کە نەورەس پێی بەخشیم. نەبەز پێم ئەڵێ ئەم شەرواڵە لەپێ بکە ئاسوودەتر ئەبیت. بە قەبارەی من ڕێکی دەخات.

ڕاستە ئێمە لەوێ باشین. خۆمان ئامادە دەکرد بۆ ئەوەی بچینە دەرەوە بۆ سەیرانێک بەودەرووبەرەدا. نەورەس، پێڵاوی بە دەستەوەیە، جگەرەیەک لە دەمیدا، شتێک لە قژیدا بوو. بە پێ دەچمە لای و دەڵێم لەوێ چی دەکەیت؟ ئەوەی ددانی چەقۆ بوو! زۆر حەزی لە دانانی چەقۆیەکە لە دەمی، بەڵام نەیزانی لە کوێی

دابنێت لە نێوان قژیدا خلیسکاند. لەو کاتەوە ناتوانم واز لە گاڵتەکردن بهێنم لەسەری.

دەستمان کرد بە ڕۆیشتنمان بە دەوری ماڵەکەدا. نەورەس پێی دەگوتم کە ئێران کەوتووەتە کوێ، ئەوەندە نزیکە. خاڵێکی چاودێری لێ بوو کە ماوەیەکی کەم لەمەوبەر دروستکرابوو. لە کاتی پیاسەکەماندا باخەکانی هەنارم دۆزیەوە، ئاکار و نەبەز کەمێک لە دواوە بوون، هەمیشە تەواو ڕەفیقانە بوون. بەڵام هەستم بە نزیکییەکی زۆر لە هەردووکیان دەکرد. ئێمە بەرەو سەر گردەکە دەڕۆیشتین و درەختەکان کەم دەبوونەوە، دیمەنێکی نایابی لەبەردەمماندا بەجێدەهێشت. لە دوورەوە کێڵگەی کشتوکاڵی ئاوی کاک جەلالم دەبینی کە ماسی سەلەمون بەخێو دەکات. تا زیاتر لە بەرزاییدا سەرکەوین، دیمەنەکە زیاتر سەرنجڕاکێش دەبێت. جوانی کێوی کوردستان لێرەدا نامەی میرەکانی خۆی دۆزیوەتەوە.

جۆمەرەسی تەنها بەهۆی دیمەنەکانییەوە شایستە نییە، بەڵکو شایەتحاڵی مێژووە. تابلۆیەکی ئاگادارکردنەوەی کێڵگەی مین لە سەردەمی جەنگی ئێران و عێراق، هەرچەندە نیوە ژەنگاوی بوو، بەڵام هێشتا خۆیگرتبوو. لە نزیکەوە گۆمێکی بچووک هەیە کە لەلایەن چەمێکەوە ئاوی دەدرێتێ کە کانی و کانیاوی تێدا زیندوو دەکاتەوە، پاشان لەوەش زیاتر وێرانەیی خانووە بەردینەکانن. نەورەس پێم دەڵێت کە جولەکەکان زۆر زۆر لەمەوبەر لێرە ژیاون. دیمەنی ئێرە سەرنجڕاکێشە. لە لوتکەی گردە ڕووتەکانەوە با بەهێزتر دەهەژێت و بەسەر دۆڵە سەوزە قووڵەکاندا . ڕەنگی سەوز و زەرد و قاوەیی وەک شاکارێک زاڵن بەسەر دیمەنەکەدا. پاشان لە وەرچەرخانی ڕێگاکەدا، مانگا قژ پشمدارەکان بە هێمنی لە کێڵگەکاندا دەلەوەڕێن. دەرفەتی گرتنی وێنەییەکی جەماعی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وێنەی زۆر جوانم لەگەڵ نەبەز و

نەوڕەس هەیە. نەبەز ساتێکی بەفیڕۆ نەدابوو بۆ ئەوەی گاڵتە بە دەوری خۆیدا بکات و بە دڵسافیە شیرینەکەی بە ئەنجامدانی چەرخی عەرەبانەیی یان بە وەستان لەسەر دەستەکانی، نمایشە سەرکەوتووەکانی لە ئەکرۆباتیک(جوڵەسازی)دا نیشانمان بدات. ئاکار دەرفەتەکە دەقۆزێتەوە بۆ خواردنی گیا و بە تەواوی تەقلیدی دەنگی بزنێک دەکات! بەبێ ئەوەی بزانم ئەم ڕۆژە یەکێک بوو لە جوانترین ڕۆژەکانی مانەوەم، ئەو ڕۆژەی کە زۆرترین هێمای بۆ کردم و یادەوەرییەکی نەبڕاوی لێ دەهێڵمەوە.

دەچینەوە خوارەوەی گردەکە بەرەو ماڵەکە. محەمەد بۆ ئامادەکردنی ژەمەکە بەرەو ئەوێ دەڕوات، بەڵام من بە درێژایی چەمەکە و ڕووەکە دەوڵەمەندەکانی بەردەوامم لە شوێنکەوتنی نەوڕەس. ئێمە لە سەرچاوەی ئەم ئاوەوە دەوەستین کە لە بەردێکەوە دێتە دەرەوە. دارێکی گەورە و مەزن ڕووی لە ئاوێکی

بچووک کردووە. لە لێواری ئاوەکەدا چەقۆکەم و دەموچاوم تەڕ دەکەم. هێشتا چەقۆکێشم، نیگای بیرکەرەوەم بەرز دەکەمەوە و بە هۆکارێک کە بۆم نادیارە بیر لە باوکم دەکەمەوە کە لە دوای مردنیەوە هێشتا زۆر لە مێشکمدا حزوری هەیە. بیری دەکەم بەڵام بە جۆرێک لەگەڵمە. من دەجولێم، چاوەکانم سوور دەبنەوە و نەورەسی برام هەستی پێدەکات.

هەست و سۆزی بەهێزی خۆشبەختی هەست و سۆزە نێژراوەکانی تری وروژاندبێت یان هەمیشە لە هەموو خۆشیدا تەبیعەتێکی دڵتەنگی هەیە؟

لەماڵەوە محەمەد مریشکێک لەسەر خەلوزەکە دەبرژێنێ و نەبەز زەلاتەیەک لە تەماتە و خەیار و پیازی سپی دروست دەکات بۆ ئەوەی دڵم خۆش بێت، پارچە لیمۆی بۆ زیاد دەکات وەک ڕێزێک بۆ ڕەنگەکانی ئاڵای وڵاتەکەی. نەورەس بە زەردەخەنە ئەبەدییەکەی برنجەکە ئامادە دەکات.

دوای نانخواردنی نیوەڕۆ، نەوڕەس، لەسەر زەوی دانیشتووە و بە دیوارەکەوە پاڵیداوەتەوە، سەیری من دەکات و گۆرانییەکی سەریت حەداد لە سەرووی دەنگییەوە دەڵێت لە کاتێکدا محەمەد و ئاکار و نەبەز دۆمینە دەکەن. نەبەز کاتێک گوێی لە گۆرانی براکەی دەبێت، خەریکە دەڕوات. کەمێک دواتر دەچینە حەوزی ماسییە سەلەمونەکانی کاک جەلال کە بە کڵاوێکی گەورەوە خواردنیان پێدەبەخشێت. بەڕاستی ماڵەکەیم بەدڵ بوو، بە تایبەت ئەو کۆتر و قاز و مریشکانەی کە لە باخەکەیدا بوون. منداڵیمی بیر هێنامەوە کە ئێمەش کولانەیەکی مریشکمان هەبوو.

لە کۆتایی ڕۆژدا ڕێگای سەیدسادقمان گرتە بەر، ڕووناکی گەرمتر بوو و دوا تیشکی خۆر چیاکانی داپۆشی و سێبەری درەختەکانی بەجێهێشت بۆ وێنەکێشان. لایتی ڕێکردنەکە بەردەکانی بنکی زەویەکەی ئاشکرا دەکرد. ڕێگای گەڕانەوە جیاواز

بوو لە ڕێگای دەرچوون. لە شاخەکەدا دەپەڕینەوە، مەڕ و بزن بەڕێبەرایەتی شوانێک بە درێژایی ڕێگاکە بوونیان هەبوو. گەیشتینە لوتکەی گردەکە، وەک ئەوەی لەباڵکۆنێکەوەبین سەیری دەشتی شارەزوورمان کرد. لەم ساتەوەختەدا شاد بووم و بە خۆمم گوت کە چەندە بەختم هەیە لەم شوێنەدام، کە زیاتر لە دوو هەزار و پێنج سەد ساڵ لەمەوبەر سوارچاکە سەربەرزەکانی ماددەکان بە کۆتەکانیان هەمان ئەم خاکانەیان پێ دا

ئەم ساتەم نەمر کرد بە گرتنی وێنەی نەورەس کە پانتۆڵەکەی تا ناوەڕاستی ناوقەدی و وەک هەمیشە جامانەکەی لەسەردا بوو، لە پشت دامێنی چیاکانی سورێن ەوە لەسەر خۆرئاوابوون، بە دڵسۆزی و شانازییەوە سەیری دەکردم.


































FITCH



















## هەڵەبجە، گەشتێکی یادگاری

دوای بەسەربردنی شەوەکە لە سەیدسادق، نەورەس بە ئۆتۆمبێلەکەی محەمەد بردمی بۆ هەڵەبجە، بەڵام پێش ئەوە کاک عەبدولکەریم و خاتوو حەمدیە پرسیاریان لە تێڕوانینم کرد لەسەر جۆمەڕەسی، پێم وتن چۆن ئەو شوێنەم بە شایستە زانیوە و بە یاریکردنێک(جفرەیەک) پێم وتن "من خالکی جۆمەرەسیم" ئەوان بە گوێگرتن لەم قسانە، دڵخۆش بوون.

بۆ یەکەم سەردانم بۆ شوێنە مێژووییەکان، بۆ من گرنگ بوو گەشت بکەم بۆ هەڵەبجە بۆ ئەوەی باشتر لە ئازارەکانی کورد لە ژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆر سەدام حسێن تێبگەم. ئەنفال ناوی ئەو جینۆسایدە کوردیەیە کە ئەم دیکتاتۆرە عێراقییە ئەنجامی داوە. چەندین هەڵمەت بۆ قڕکردنی کورد لە عێراقدا هەبووە، بەڵام ئەوەی گەیشتە ترۆپک، بۆردومانی کیمیابارانی شاری هەڵەبجە بوو لە ساڵی ١٩٨٨ و بە گشتی بوونی ١٨٠

هەزار کوژراو بەپێی هەندێک سەرچاوە. ئاسایی بوو من هاوتەریبێک لە نێوان ئەنفال و هۆلۆکۆست بکێشم. تەنانەت ئەگەر ژمارەی قوربانییەکان یەکسان نەبێت، ئەو سیاسەت و شێوازانەی توندوتیژی و نەفیکردنەوە لەناوبردنی ڕژێمی سەدام حسێن زیاتر بەرەوپێش دەبەن، ئیلهامیان لەو سیاسەتانە وەرگرتووە کە نازییەکان بەکاریان هێناوە.

کوردەکان لە ڕێگەی ئازارەوە، وەک جولەکەکان، هۆشیارییەکی بەکۆمەڵیان بۆ هەموو گەلەکانیان گواستەوە بەڵام هۆشیارییەکی نەتەوەیی کە جیایان دەکاتەوە لە گەلانی دیکە.

چوومە ناو یادگارییەکە کە بە شێوەیەکی وریا و ڕێزلێنان، ناوی قوربانییەکان لەسەر دیواری ڕەش هەڵکەندرابوو، ئاڵایەکی گەورە بە ڕەنگەکانی کوردستان بە سەقفەوە هەڵواسرابوو. پارچەکانی دیکەی یادگارییەکە دڕندەییەکانی ڕابردوویان ڕوون

کردەوە. سینۆگرافیاکە هەندێک جار دڕندانە و خەمئامێز بوو بەڵام دەریدەخست کە چی ڕوویداوە. وێنەکانی سەردەمەکە شایەدی بەربەرەکانێی سوپای عێراقن بەرامبەر بە هاوڵاتیانی مەدەنی کورد. ئامێرە جەنگییەکانی دیکە کە لە دەرەوەی بیناکە نمایش دەکرێن، بیرهێنانەوەی نامرۆڤایەتی ئەم قەسابخانەیەن.

ئەم یادگارییەمان بە بێدەنگ و کوژاوەیی بەجێهێشت. ئۆتۆمبێلەکە دەگرین و بەرەو گۆڕستانی شار دەڕۆین کە گۆڕە ڕیزکراوەکان بەڵگەی ئەم کارە قێزەونەن.

---

تا درەنگانی بەیانی، گەڕاینەوە سەر ڕێگا. نەوڕەس پێی وتم "دەبینیت چ ناوچەیەکی شایستەیە"، ئێمە بەرەو سنووری ئێران دەڕۆیشتین. پێم گوت "تۆ شێتی، بۆ کوێ دەمبەیت؟ ". ئەمانە گوندەکانی هەورامان بوون. خێرا سەرکەوتینە سەر شاخەکە و دیمەنە سەوز و

نایابەکانی بیارەم دۆزیەوە وەک ئەوەی بە چەقۆ
نەخشێنرابن.وابزانم دەزانم لە کوێ وەستاین ئێرە
بەڵخە یە . نەوڕەس خاوەنی چێشتخانەیەکی دەناسی
بەڵام شوێنەکە داخرابوو. بەشێکی زۆر گەورەی
ڕووی لە دیمەنەکە دەکرد کە زۆرێک لە فەرشەکانی
لەسەر دانرابوو بۆ جێگیرکردنی خێزانەکان. دیمەنەکە
نایاب بوو، ئێمە سوودمان لێ وەرگرت بۆ گرتنی
وێنەی جوان. ئێمە بەردەوام دەبین لە ڕێگاکەمان و
لەناکاو ڕانە مەڕێک ڕێگاکە دەبڕن، دەرفەتەکەم
قۆستەوە بۆ بینینی نمایشەکە لەبەر چاومان. ئێمە
نزیکەی کیلۆمەترێک لە بازگەی سنوورەوە دوور
بووین، نەوڕەس بینای سنووری پیشان دەدام کە
ئێرانییەکانی لێ بوون. پێی دەڵێم سەلامەتی(وریایی)ی
نییە و داوای لێدەکەم هەنگاوەکانمان بگێڕینەوە. وێنەی
نایابی ناوچەی هەورامانم بینیوە بەڵام لە دیوی

ئێرانەوە، هیوادارم ڕۆژێک بێت دەرفەتێکم بۆ ڕەخسا بچمە ئەوێ.

---

دواتر نەورەس بردمی بۆ کێڵگەیەکی نزیک هەڵەبجە و سیروان. خاوەنەکەی هاوڕێی کاک جەلالە .

شوێنەکە بەناوبانگە بە جۆرە جیاوازەکانی گەنمەشامی کە لەوێ دەچێنرێت. کۆبی گەنمەشامیەکان جوان بوون و ئەوانەی بیردەخستمەوە کە لە ئەمریکای لاتین بینیبووم. بەڵام چەند جۆرێکی تری بەرهەمهێنان لە ژێر جەمەلۆنی کێڵگەکەدا هەبوو.

میواندارەکەمان(خاوەنی کێڵگەکە) پێداگری لەسەر ئەوە کرد کە بەرهەمەکان سروشتین. کولەکە، شووتی، دار هەنجیر، بیبەر، تەماتەی ڕەش سەروەت و سامانی ئەم کێڵگەیە بوون.

نوقتەیەکی ئاوی ناوەندی کە چەند کۆتر و قازێک بە ئارامی مەلەیان دەکرد تێیدا هەروەها سەکۆکانی کە بە فەرش داڵدەدەدا بۆ خواردن ڕازێنرابوونەوە. ئێمە داوای ماسییەکی زۆر باشی برژاومان دەکرد ، کاتێک لەناکاو سوپایەک لە کۆتر و قاز بە شێوەیەکی ڕێکخراو بە دەوری دەریاچە بچووکەکەدا بەرەو ئێمە ڕادەکەن و خەریکی واق واق و دەنگەدەنگە کردنن. خۆشبەختانە لەسەر سەکۆیەکی بەرز بووین ئەگەرنا قاز و کۆترەکان لەسەر سەر و ئەژنۆمان دەبوون. سەرەڕای ئەوەش نمایشەکە زۆر خۆش بوو و من و نەورەس پێکەنین.

---

خاوەنی کێڵگەکەمان بەجێهێشت و سوپاسمان کرد بۆ میوانداریەکەی ، پاشان بەردەوام بووین لە گەشتەکەمان. براکەم پێم دەڵێت ئێمە ئەو ڕێگا کۆنە

دەگرینە بەر کە بەرەو سلێمانی دەڕوات. ئێمە لە سەیدسادقەوە ڕێگای پێنجوێن دەگرینە بەر بەڵام لە ڕێگای چوارتا ناڵپارێزەوە بەرەو چەپ ڕێگەدەگرین . دیمەنەکانی (سەرکان، کانی ماران، زەلان،بایانی...) هەموویان سەرنجڕاکێشن. ڕووناکی مات ئەوەندە سیحر بۆ جوانی دیمەنەکە زیاد دەکات.


لە سەرەتای ئێوارەدا دەگەینە بەرزاییەکانی سلێمانی لە نزیک چاڤی لاند، لە کاتێکدا گڵۆپەکانی شارەکە شارەکە دادەپۆشن، لە دوورەوە دەبینین کە گرادێنتێکی ڕووناکی سوور لەسەر هێڵی ئاسۆ دەبینرێ لە کاتێکدا باقی ئاسمانەکە شینێکی

تۆخ ە شەوەکەی پێشوەختە ڕادەگەیەنێت. نمایشەکە تا ڕادەیەکی زۆر جوانە. ئەو شارەی ئێستا ڕووناک کراوە بە شێوەیەکی دەقیق لە ژێر پێماندایە، ئاسمان تاریک دەبێت و مانگێکی هیلالی تەنک سەرهەڵدەدات، خۆر هێشتا دوا ڕووناکی خۆی

دەدرەوشێنێتەوە. لە ئۆتۆمبێلەکە دادەبەزین و بایەکی بەهێز دەمانگرێتەوە. هەرگیز ئەو ساتانەی خۆشی و هاوبەشی لەگەڵ نەورەسی برا بچوکم لەبیر ناکەم.

شەوانە لە شار دەپەڕینەوە و بەلای هۆتێلە ڕووناککراوەکانی شەقامی سالمدا تێدەپەڕین پاشان دەچینە ناو ماڵی نەبەزەوە کە بەم دواییە لەگەڵ گوڵانی هاوسەری باریان کردووە. یەکەم جار بوو چاوم بە گوڵان کەوت. ئەو لەبەر ڕێزی من ئەو جلە پاریسەی لەبەرکردبوو کە من بۆمهێنابوو. گوڵان کەسێکی زۆر بەڕێزە و هەمیشە زەردەخەنە دەکات و ناسک و زۆر میهرەبانە. لەگەڵ نەبەز ژن و مێردێکی زۆر جوان پێکدەهێنن. بینینی ئەوان کە زۆر یەکگرتوو(تەبا)ن دڵخۆشی کردم و لە هاوئاهەنگییەکی تەواودا بوون.








DODGE






























## سلێمانی، شارە گەورەکەی دڵم

لە چوارەمین ڕۆژی سەردانم بۆ کوردستان، من و نەوڕەس گەڕاینەوە بۆ شاری گەورەی سلێمانی. لەسەر داوای من سەردانی مۆزەخانەی شوێنەواربمان کرد. پێش ئەوەی بچمە کوردستان سەیری چەند ڤلۆگێکی گەشتیاریم کردبوو و ئاماژەی بە شوێنە سەرەکییەکان کردبوو بۆ سەردانیکردن و ئەم مۆزەخانەیە یەکێک بوو لەوانە. مێژووی کۆن هەمیشە سەرنجی ڕادەکێشام و دۆزینەوەی خۆم لەو شوێنەدا کە بە شێوەیەکی باو بە هیلالی (بەپیت) ناودەبرا کە ڕۆژێک لەڕۆژان زۆر شارستانیەتی تێدابووە، جێگەی ڕەزامەندییەکی گەورە بوو بۆ من.

سەرم سوڕما کە مۆزەخانەکە بەخۆڕایی بوو، کۆپییەکی گۆڕی شای گەورەی ماد (کەیخوسرەو) لەوێ بوو، کە لە ناو سروودی نەتەوەیی کوردیدا هاتووە. شوێنەوارە جیاجیاکان، نەخشاندنی عاجەکانی

ئاشووری، تابلۆی گڵی بابل و تەنانەت شتگەلێک کە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێش مێژوو نمایشکرابوون. ڕاستگۆیانە بڵێم کەمێک لە مۆزەخانەکە نائومێد بووم، چاوەڕێم دەکرد مۆزەخانەیەکی گەورەتر ببینم، بەڵام بەها و پێشانگاکانی کەمتر نەبوون.

کەمێکی دیکە، برا بچووکەکەم دەمباتە زیندانی بەناوبانگی ئەمنە سورەکەی سەدام حسێن کە بارەگای پێشووی دەزگای هەواڵگری عێراقیش بووە: موخابارەت. ئێستا کە گۆڕاوە بۆ مۆزەخانە، کەشوهەوای دڵەڕاوکێی ئەو شوێنە هێشتا لەم دیوارانە سەرچاوە دەگرێت. لێرەوەبوو کە ئەنفال ەکان ڕێکدەخرا، بەڵام هەر لەم شوێنانەشدا زۆرێک لە کوردەکان زیندانی کران و ئەشکەنجە دراون و کوژران. مرۆڤ لە ڕێی ڕاڕەوێکی ترسناکەوە دەچێتە ناو ئەم ماڵە کە لە ١٨٢ هەزار پارچە ئاوێنە پێکهاتووە

و به ٤ هەزار و ٥٠٠ گڵۆپ ڕووناک دەکرێتەوە، کە هاوتایە لەگەڵ ژمارەی کوردە کوژراوەکان و ژمارەی گوندە وێرانکراوەکان.

لە بینایەکی دیکەدا کە پڕە لە فیشەک لەلایەن ئەو پێشمەرگانەی کە شوێنەکەیان ئازاد کردووە، وێنەی ئەو هاوڵاتییە سڤیلانەی کە بە زۆر لەلایەن سوپای عێراقەوە ئاوارە کراون، بارودۆخی سەختی ژیانی کەمپی (نەفیکراوەکان) نمایش دەکرێت. لە ژوورێکی تردا هەڵمەتەکانی ئەنفال، ناو و وێنەی زۆرێک لە قوربانیانی ڕژێمی دیکتاتۆری سەدام، پیاو و ژن و منداڵان. وێنەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان، تەرمی شیبووەوە، ئێسکەپەیکەرەکان دەبینیت کە جلە دڕاوەکان و لەتلەت بووەکانی خاوەنەکانی پێشوویان هێشتا دایانپۆشیوە. پاشان، شاهیدی بەرخۆدانی کورد، ژن و پیاوی تێکۆشەر، ئەم پێشمەرگە ئازایانە کە تەنیا شاخیان وەک دۆستێک هەبوو کاتێک گەلانی گەورەی

ئەم جیهانە پێیان باش بوو پەردەیان لەسەر لابدەن، وەک ئەوەی ئەمڕۆ دەیکەن.

سەردانەکە بۆ زیندانەکە بە سەردانی بەشە و تاریک و لێڵەکان کۆتایی هات، بەڵام هەروەها قەفەسەکانی زیندان کە پیاوان بە ڕادەیەک قەرەباڵغ بوون کە زیندانییەکان کە وەستابوون ناچار بوون بە نۆرە چەند کاتژمێرێک بخەون بەهۆی کەمی شوێنەوە.
ژوورەکانی لێپرسینەوە و ئەشکەنجەدانەکان قسەیان لەسەر نەدەکرا(هێندە خەمئامێزبوون)، دەستدرێژی سێکسی کراوەتە سەر ژنەکان، پیاوەکان ئەشکەنجە دراون و هاواری خەڵکی سقیل بە بڵندگۆ دووبارە گواستراوەتەوە بۆ ئەوەی ترسەکە زیاتر بێت بۆ ئازاری زیندانییەکان.

ڕاستییەکانی ئێرە تەنیا مێژووی سی ساڵ دەگەڕێنەوە. مرۆڤ توانای باشترین و خراپترینی هەیە و شوێنەکانی وەک ئەمنە سورەکە شایستەیی گواستنەوەی

یادەوەرییان هەیە و وەک پاراستنێک لە دڕندەیی مرۆڤەکان خزمەت دەکەن.

سواری سەیارەکە کەوتینەوە و بەرەو بازاڕ ڕۆیشتین کە چاوپێکەوتنمان لەگەڵ ڕێبەر هەبوو. کەشوهەوای تازە و کۆشکەکانی بازاڕ و چالاکیی زیندوویێتی فرۆشیاران و بینەرانی شەقامەکە جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ کەشوهەوای قورسی ئەمنە سورەکەدا هەبوو. ڕێبەرم ناسی دوای سەیرکردنی فیلمێکی دیکۆمێنتاری بە ناوی "میراتی لەبیرکراو"، پاشماوەی ژیانی جوو لە سلێمانی، لەسەر جووەکان سلێمانی کە پەیجی فەیسبووکی کونسوڵخانەی ئەمریکا لە کوردستان پەخش دەکرا. ڕێبەر خوێندکاری بەشی( پلانی شار)ە و بە هاوکاری هاوڕێی ڤیدیۆگرافەری حەمە، ئەم فیلمە زۆر سەرنجڕاکێشەیان لەسەر بوونی پێشووی جووەکانی سلێمانی دروستکردووە. جووەکان زۆر بە باشی لە کوردستان و عێراقدا یەکگرتوبوون، بەڵام

بەهۆی توندوتیژی لە بەغداوە ناچار بوون لە وڵات هەڵبێن. زۆرجار کوردەکان هاوکاری جووەکانیان دەکرد بۆ هەڵاتن لەو وڵاتە.

بەڕاستی سەرسام بووم بە چالاکییەکانی بازاڕەکە کە چەندین شەقامی ناوەندی شار داگیرکردووە. ڕەوتی پیادەکان کە دەچنە ژوورەوە و دەردەچن لە دوکانەکانی جلوبەرگ، فەرش، زێڕینگەریی، چاخانەکان کە لەسەر یەکتر دانراون، سەوزەفرۆشەکان و فرۆشیارانی پێڵاوی نائۆرجیناڵ(عادی) لەسەر کۆشکەکان(مێز)ەکانیان کە ئاڵنگاری پیادەڕەوەکان دەکەن، پێڵاو بریقەدارەکان کە قەرەباڵغی پێڵاو و ئۆتۆمبێل و تاکسیەکان هەوڵ دەدەن بۆ ئەوەی ڕێگەی خۆیان بکەنەوە، لەخوارەوەی شەقامی کاوە، شاخوێنبەری ناوەندی بازاڕەکە، ئەم شوێنە دەکاتە شانەیەکی ڕاستەقینەی مرۆڤ. دواتر تێگەیشتم کە ئەو پەرشوبڵاویە ڕواڵەتییە لە پەرشوبڵاوی پیشەکان ەوە

پێکهاتووە. فرۆشیارانی فەرش، بەتانی، جلوبەرگ، زێڕینگەر یان فرۆشیاری کانزا خراپەکان هەموویان شوێنی تایبەت بە خۆیان هەیە.

ڕێبەر لە یەکێک لە شوێنە تایبەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەگەڵمان دەبێت کە شەربەتی سەوزە و میوەی تازە دەفرۆشن. ڕێبەر زۆر باش مێژووی شارەکەی دەزانێت، جگە لەوەی پلاندانەرێکی شارە، لە کاتی بەتاڵیدا ڕێبەری گەشتیارییە. پێشنیارمان دەکات گەشتێک بە شارەکەدا بکەین، ئێمە بە خۆشحاڵیەوە قبوڵی دەکەین. لە نزیکەوە مزگەوتی گەورەی سلێمانی هەیە. ئەو بەرد خشتانەی کە لەم شارەدا زۆر بەکاردەهێنرێن ڕووبەرەکانی بینا ئایینییەکە دادەپۆشن. تەنها سەقفی مزگەوتەکە و سەری منارەکە بە مینای سەوزی پیرۆزەیی جیاوازن لەگەڵ باقی بیناکە. دەچینە ناو حەوشەی مزگەوتەکە، بەڵام ناچینە ناوەوە چونکە کاتی نوێژ بوو. لە کۆتایی

حەوشەکەدا کێلی بەردینی بنەماڵەی شێخ مەحمود دانراوە. نەوەکانی پادشای کوردستان تا ئێستاش لەگەڵ دانیشتوواندا پێوەندی وئاشناییان هەیە تا حەددێکی دیاریکراو ش بەهرەمەندن. من بێ ئاگا نەبووم و بە بیر ڕێبەرم هێنایەوە کە براکەم نەوڕەس یش ئامۆزایەکی بچووکی هەیەکە بەرگریکارێکی بەناوبانگی کوردستانە. نەوڕەس لەم سەردانە بێ ئامادەکارییەدا زەردەخەنەی کرد و میوەی وشکی پێدام کە لە مزگەوتەکەدا دابەشکرابوو.

لە نزیکەوە مۆزەخانەی میراتی کورد بە تەلارسازی تایبەتمەند بە شێوازی عوسمانی و لقی دار کە لە سەرەوەی پایەدارەکانی کە بە وردی نەخشێنراوە. لە ژێر پەنجەرەیەکدا، لە حەوشەیەکدا، بە پلیکانێکی ئاسنی شین دەگەیتە گەلەرییەک کە تابلۆی هونەری مۆدێرن پیشان دەدات. سەرسوڕهێنەرە کە ئەم شوێنە پارێزراوە لە ناوەندی بازاڕدا بدۆزیتەوە. پاشان بەناو

قەیسەریە داپۆشراوەکانی بازاڕەکەدا دەڕۆین کە
هەنگوین و میوەی وشککراو فرۆشەکان قاپەکانیان
دەشۆن. دەچینە لای بەرگدروویەک جلی کوردیی
کەلتوریم بۆ بکڕێت. هەڵبژاردنی ڕەنگەکان و شێوازی
چاکەتەکان جۆراوجۆرن. چاکەتەکان بە
دوگمە(قۆپچە)یەک بەستراوەتەوە، کە پشتێنێکی
قوماشی پان ەو دەیخزێنیتە ناو
(کیسەهەوایەکە)شەڕواڵەکەوە وەک ئەوانەی
تاکسیدۆ(تاکسیدۆ=یەخەی چاکەت کەبەجیا دەبەسترێت
و دەخرێتە ناو پانتۆڵەوە لەشێوەی هێلەکدایە)یە لەسەر
دەبەستیت، بەڵام زۆرجار نەخشدار و ڕەنگاوڕەنگن.
بەرگدروو پێویستی بە هەندێک قیاس دەبێت بۆ
چاکەتەکە بۆ ئەوەی لەگەڵ باڵا و درێژی قۆڵمدا
بگونجێت. زۆر شانازیم دەکرد کە خاوەنی جلی
کوردیی نەریتی خۆم بووم.

لە گۆشەیەکی (قەیسەری) ەکە، قەفەسێک باڵندە دەبینم کە دەخوێنن ، نزیک دەبمەوە و پەڕەکانی زێڕینی شایستە دەناسمەوە. باڵندە خۆشەویستەکانی باوکم. باوکم چەند ساڵێک لەمەوبەر یەکێکی هەبوو. بینینی ئەوان چێژێکی زۆری پێبەخشیم و نەمتوانی خۆمبگرم لە وێنەگرتنیان لە کاتێکدا دەمزانی کە ناتوانم پیشانی باوکمی بدەم.

ئێمە هاتینە دەرەوەلە ناوەندی سەرا(بەردەرکی سەرا)، شوێنی ناوەندی سولەیمانییە، بەڵام هەروەها شوێنی کۆبوونەوە و گفتوگۆی دانیشتووانە. عوسمانییەکان لەوێ قەڵای خۆیان دروستکرد، ئێستا گۆڕدرا بۆ ناوەندێکی رۆشنبیری و کافێیەک کە پیاوان یاری دۆمینە و تاوڵەی تێدادەکەن، چا دەخۆنەوە و نێرگەلە دەکێشن.

بە شەقامی گۆراندا دەڕۆین و ئاڵایەکی جوانی کوردی بە دەست دووراو دەکڕم. داوا لە فرۆشیار دەکەم کە بە

هەموو دەوری ئاڵاکەدا پەراوێزێک زیاد بکات. ئەمڕۆ بە شانازییەوە لە ژوورەکەمدا هەڵمواسی. تیشکی زەردی خۆر کە ئاڵای کورد دەڕازێنێتەوە هەمیشە سەرسامی کردووم.

لە نزیکەوە، لەودیو دەروازەیەکی قورس کە دروستکراوە، خانوویەکی کۆن بە شێوازی عوسمانی، سۆز و خۆشەویستی خۆی پاراستووە و بە باخچەیەکی بچووک رازاوەتەوە کە چێشتخانەیەکی تێدایە کە خواردنی بە تام پێشکەش دەکات. ڕێبەر هەوڵدەدات تێبکۆشێ بۆ پاراستنی ئەم خانووە کۆنانەی پڕ لە سۆز و خۆشەویستی کە مێژووی شارەکە دەگەڕێننەوە، بەڵام شەڕەکەی قورسە چونکە لەبەرامبەر گرەوەکانی گەشەپێدەرانی خانووبەرەدایە و سیاسەتێکی شارستانی شارەکە کە هێشتا زۆر کەمە لە چاو میراتی کولتووری شارەکە، لە ژێر پەنجەرەیەکدا یەکێک لە کۆنترین شیرینیخانەکانی شارەکە هەیە، لەوێ توانیم سەردانی

شوێنی بەرهەمهێنانەکە بکەم بە کۆگا گەورەکانی کە لە مس سازکراوە

دوای ئەوەی تێرمان خوارد، ڕێبەر دەمانباتە گەڕەکی کۆنی جووەکانی شارەکە.(جولەکان) گەڕەکی جووەکان دەکەوێتە ناوەندی شار، لەسەر شوێنێک دروستکرابوو کە ئاستی زەوی لە باقی شارەکە نزمتر بوو، لێرەدا ئاوەڕۆکان دەڕژانە ناو کۆلانەکە،بەڵام شوێنی ناخۆشی شارەکە جووەکانی لە هەر جۆرە زەوتکردنێک پاراست. لە سلێمانی هیچ کۆمەڵگەیەکی جوو نەماوە و مەعبەدە کۆنەکە گۆڕاوە بۆ مزگەوت. سەیر لەوەدایە هێشتا ناوی جووەکان "جولەکان"ی بە کوردی هێشتۆتەوە. چەند خانوویەک یەکپارچەیی تەلارسازی خۆیان پاراستووە، بەڵام زۆربەیان دووبارە دروستکراونەتەوە. یەکێک لە خانووە خشتییە کۆنەکان تا ئێستاش شوێنەکەی پاراستووە، ئەم سندوقە

بچووکانەیە کە لەسەر پەنجەرە و دەرگای خانووەکانی جولەکان جێگیرکراون کە ئایەتەکانی تەوراتیان تێدایە.

گەشتی شارەکەمان بە کارگە کۆنەکانی توووتنی شەقامی سالم لە نزیک هۆتێل ڕامادا کۆتایی دێت. گەلەری هونەرمەندان لەوێ گەشە دەکەن و گەلەری ئێستا پێشبینییەکی پێشوەختەی تابلۆ و پەیکەرەکانی هونەرمەندانی هاوچەرخی وەکو (جەمیل و نەعیمە محەمەد) لەسەر تەوەری ئەنفال پێشکەش دەکات.

ئەم ڕۆژەم بەیاوەری نەوڕەس و ڕێبەر زۆر دەوڵەمەند بوو. دووبارە سوپاسی ڕێبەر دەکەم بۆ کاتەکانی و ئەو ڕوونکردنەوە بەپێزانەی کە پێشکەشی کردم لەسەر مێژووی شارەکەی کە بە سۆزەوە خۆشی دەوێت.

لە کاتێکدا ڕێبەرمان بەجێهێشت، من و نەوڕەس گەڕاینەوە بۆ لای نەبەز و گوڵان. ئەوان بانگهێشتی دایک و باوکی هەریەکەیان کردبوو. بەم شێوەیە بۆ

یەکەمجار دایک و باوکی گوڵان و هەروەها براکانیم ناسی. کاک ئەکرەم کەسێکی زۆر دەمبەخەندە(کەیفخۆش) و دۆستانەیە. گوڵان و دایکی ئێوارەخوانێکی نایابیان بۆ ئەم بۆنەیە ئامادە کردبوو. دەرفەتێکم بۆ ڕەخساوە تامی خواردنەکانیان بکەم. چێشتلێنەرێکی زۆر باشن. من زۆرم خۆشدەویست تۆپی برنجی گۆشت و ئەو گیا تاڵانەی کە لەگەڵیدا پێشکەش دەکران. زۆرم خۆشویست، ئەم گیایانەم وەک دوپشکێکی بچووکی ڕاستەقینە خوارد.

من ئەو شەرەفەم وەرگرتبوو کە لە نێوان کاک ئەکرەم و کاک عەبدولکەریمدا دانیشتبووم، هەربۆیە لە نزیکم نەورەسی برام بوو کە هەمیشە چاودێریم دەکرد. لە کاتێکدا لەگەڵ میوانەکانی تردا بووم کە لەسەر زەویەکە نانیان دەخوارد، گوڵان لە چێشتخانەکەوە دێت و پێم دەڵێت بەو پێیەی من بەشێکم لە خێزانەکە ئەم ئێوارەیە بۆ من شەرەفە. "شێخ یوسف تۆ کوڕی

منیت". هەستێکی وەها بەهێز گوێم لێدەگرێت کە ئەم قسانە دەڵێت. من، دەتوانین بڵێین، وەک یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکەیان قبوڵکرابووم و سەیر دەکرام و ئەوەش تەژی دەکردم لە خۆشی.


لە کۆتایی ئێوارەدا من و نەورەس دەچینە شەقامی سالم. شەوانە زۆرێک لە فرۆشگاکانی خواردنی سەر شەقامەکان بەدوای یەکدا دەڕۆنەوە، بەڵام فرۆشیارانی چا، گوڵەبەڕۆژە، چێشتلێنەرانی شیرینیش دەمێننەوە، من و نەورەس لەبەردەم شوێنێک دەوەستین و وای لێکردم تامی چەند شتێک بکەم کە لە هەنگویندا کوڵاون، پێشتر تامم نەکردبوو. لەگۆشەیەکی کافێ دادەنیشین و چاوەڕێی حەمە دەکەین، (حەمە:ڤیدیۆگرافەر و هاوڕێی رێبەر)کە هەروەها ویستویەتی چاوم پێی بکەوێت. قاوەیەکی نایابمان بە تامی فستق داوا کرد، بە شێوازی یۆنانی یان تورکی پێشکەش کرا، قاوەکە زۆر نایاب بوو. حەمە لە

سەرەتای سی‌یەکانی تەمەنیدا کوڕێکی نەرم و نیان و ئارامە. ئینگلیزییەکەی کەمێک شپرزتر(دوودڵتر)بوو لە ئینگلیزییەکەی ڕێبەر، بەڵام ئێمە تا ڕادەیەک باش لە یەکتر تێدەگەیشتین. حەمە پەشیمان بوو کە نەیتوانی کاتێکی زیاترمان بۆ تەرخان بکات، پلانەکانی ڕێگەی نەدا، بەڵام زۆر خۆشحاڵ بووم کە چاوم پێی کەوت.

پێش گەڕانەوە بۆ سەیدسادق لەگەڵ برا بچووکەکەم دەچمە ناو کتێبفرۆشێکەوە. من هەمیشە بەدوای کتێبێکی دوو زمانەدا دەگەڕێم بە زمانی ئینگلیزی و کوردی تا بتوانم کوردیم باشتر بکەم بەڵام بەداخەوە سەرکەوتوو نەبووم. بەڵام دەرفەتەکەم قۆستەوە و دوو کتێبم لەسەر ئەنفال و لەسەر بارودۆخی بەراوردکاری کورد لە عێراق و ئێران و تورکیا لە سەدەی نۆزدەهەمەوە تا ئێستا کڕی.

سلێمانی شایەنی ناوبانگەکەیە وەک پایتەختی کولتووری کوردستان. هەرچەندە سەرچاوەی شارەکە


تەواو تازەیە، بەڵام ئەم شارە گەورەیە چەندین لایەن پێشکەش دەکات و مرۆڤ لەوێ بە باشی خۆی دەبینێتەوە.




















پۆشاکی










4G










Pellini







**خاکی پاشاکان شێخ مەحمود و کەیخوسرەو**

ڕۆژی دواتر سێشەممە ٩ی تشرینی دووەم، دوای ئەوەی نانی بەیانیمان خوارد کە زۆربەی کات پێکهاتبوو لە چا و نانی کوردی و پەنیری تازە و گوێز کە بە خۆشەویستی لەلایەن کاک عەبدولکەریم و خاتوو حەمدیەوە ئامادەکرابوو، خۆمان بۆ ڕۆژێکی نوێی گەشتەکان ئامادە دەکەین . جلە کوردیەکانم پیشانی کاک عەبدولکەریم دا کە خۆم کڕیبووم، ئەویش یارمەتی دام کە ڕێکیان بخەم. ئەوەندە شانازی دەکرد کە بیانییەک ئەوەندە کوردستانی خۆشدەویست منی برد بۆ بینینی براکەی و دایکی لە نزیک ماڵەکەی خۆی. بیرەوەرییەکی نایابم هەیە لەگەڵ دایکی کاک عەبدولکەریم و براکەی کە لە ئینگلتەرا دەژیا.

له دەوروبەری نیوەڕۆدا من و نەورەس دەگەینە سلێمانی و لەوێ محەمەدی هاوسەری لەنیا لە بەنزینخانەیەک هەڵدەگرین. میوزیکێکی بەرز، حەزم دەکرد گوێ لە مۆسیقای کوردی بگرم

ڕێبوار مەلازادە و نەوید زەردی و شاناز یان بەرزانی جەعفەر. ریتمی تایبەتی مۆسیقای کوردی جێگای سەرنجە و هانمدەدات بۆ ئەوەی لە ژێر نیگای سەرقاڵکەری نەورەس و محەمەددا جووڵە شانە پێویستەکان بۆ هەڵپەڕکێی کوردی بکەم.

بەخێرایی شارەکە بەجێدەهێڵین، بەرەو باشووری ڕۆژئاوا دەڕۆین و ڕێگایەکی شاخاوی دەگرینە بەر، بە گوندی داربەڕوولە دا تێدەپەڕین و لەو شاخە دەپەڕینەوە کە خاڵی پشکنینی لەسەرە. مۆدێلێکی بچوککراوەی گوندێکی کوردی نیشاندەدات. لە کاتێکدا محەمەد و نەورەس قسەی باش و ئاسایی لەگەڵ پێشمەرگەکان ئاڵوگۆڕ دەکەن، من لە خوارەوە وێنەی

دیمەن و شاری سلێمانی دەگرم، تەنانەت بە شێوەیەکی تەواو دیار نەخشەی زۆر گەورەی کوردستان بە ڕەنگەکانی ئەو وڵاتە دەبینم کە لەسەر یەکێک لە لایەکانی... شاخێک لە سەرووی شارەکەوە. شاخەکە تاڕادەیەک وشکە و تەختاییەکانی تاریکن، دەگەینە (داریکەلی)، گوندی محەمەد ە کە ماڵ و مۆزەخانەی شێخ مەحمودی بەناوبانگی تێدایە، پاشایەکی کاتی بوو بەڵام کە بە ڕۆحی شەڕکەری خۆی گەلی کوردیی ناساند .

گوندەکە ئارام بوو، ئاژەڵەکانی حەوشە بە شەقامەکانی گوندەکەدا دەگەڕان. لە کاتێکدا لە دەرگای ماڵی شێخ مەحمود وەستابووین، محەمەد چوو کلیلەکە وەربگرێت تا بتوانێت سەردانی بکەین. پلیکانەیەک کە بە چەندین دار هێڵکاری کراوە، بەرەو ماڵی تایبەت و جوانی پاڵەوانی کورد دەڕوات. لە بەرزایی ئەو خانووە بەردینەدا ئاڵای کوردستان نمایش کراوە، ئەو ئاڵایەی

ئەمڕۆ بە شێوەیەکی باو وەرگیراوە و لە ساڵانی شۆڕشی دژی ئینگلیز و عەرەب بەکارهاتووە.

ناوەوەی بیناکە سادەیە بەڵام گەرمە، چەندین وێنەی کارەکتەرەکە دیوارەکانی داپۆشیوە، فەرش بە ڕەنگی شامۆیی لەسەر زەویەکە هێڵ کراوە. لە یەکێک لە ژوورەکاندا دەرگایەکی نهێنی هەیە کە دەچێتە دەرچوونێکی شاراوە کە شێخ مەحمود بەکاری هێناوە. سەقفەکان بە تیشکی جوان داپۆشرابوو. بۆ ئەو بۆنەیە سێتی جلوبەرگی کوردیم لەبەر کرد کە بە شانازییەوە لەبەرم کردبوو. وە براکەم بە شانازییەوە ئەو گۆرەویەی کە پێم دابوو لەپێی کرد.

---

ئێمە دووبارە بۆ زیاتر لە کاتژمێرێک ڕێگاکە دەگرینە بەر و دیمەنگەلێک دەبڕین کە بە هەمان شێوە دۆڵی سەوز و شاخی ڕووت و لێرە و لەوێ ڕەنگی سوور و

بەردەکانی ئاشکرا دەکەن. جیاوازی ڕەنگەکان سەرنجڕاکێشن. دیمەنەکە بە شێوەیەکی جوان دەگۆڕێت کاتێک دەگەیتە کانیاوەکانی چەمی ڕەزان.

تەختی لێرەدا نارێک و پێکە، شاخەکان لە دەشتەکەوە بەرز دەبنەوە، ئەشکەوتەکان دەردەکەون، دۆڵەکە زیاتر و سەوزتر دەبێت، دواتر دەگەینە کانیاوەکان. چەند کەپرێک ئامادەن هەروەها گەشتیارانی بیانی. نەوڕەس چەند قسەیەک لەگەڵ گەشتیارانی رووسی ئاڵوگۆڕ دەکات. هەمیشە بە زانستی زمانەوانیەکەی سەرسامی کردووم، کە لەسەر کورسییەکانی زانکۆ نا بەڵکو لە بازاڕ فێری بووە. کانیاوەکان تازەدەبنەوە دەکەن و بەردەکان دادەپۆشن، قەوزە لە نێوان بەردەکاندا گەشە دەکات. گەشتیارانی ڕووسی من و نەوڕەس و محەممەد دەبەن بۆ ئەوەی ئەم ساتەوەختە بکەینە یادگاری. خەڵکی ناوچەکە ئەسپ سواری پێشکەش بە گەشتیاران دەکەن. ئێمە بە ڕێزەوە

ڕەتیدەکەینەوە، بەڵام ناتوانم خۆم بپارێزم لە سەرسامبوون بە زینەکانیان کە بە قوماشی ڕەنگاوڕەنگ ڕازاوەتەوە کە ڕیشاڵە تایبەتمەندەکانی کوردستانیان لەسەر دووریوە.

ئێمە جارێکی تر ڕێگاکە دەگرینە بەر هەمیشە لەکاتی مۆسیقاکە و کاتێ دەگەینە یەکێک لە ساتەکان کە لە دڵمدا ئازیزە؛ (گۆڕی بەردی قزقاپان). ڕێگاکە ناوبڕێک دەبڕێت و بە درێژایی ئاستی نزمدا دەڕوات، لە دوورەوە داتەپین ێک لەسەر گۆڕی شاهانە دەبینم. ئێمە لە شوێنێکی وەستانی ئۆتۆمبێل وەستاین و منیش بەپەلە دەچمە سەر داتەپینەکە کە لە ڕاستیدا پێکهاتەیەکی کانزاییە و بەرەو گۆڕەکە دەڕوات.

لە نەریتی پاکی کولتوری ماد و فارسدا، گۆڕی شاهانە لە ئاستی خودی شاخەکەدا هەڵکەندراوە بەڵام بە بەرزی بۆ ئەوەی لە تاڵانچیەکان بپارێزرێت بەڵام شاهیدی گرنگی ئەو کارە بدەین کە لەم شوێنانەدا

نێژراوە. بە گەیشتن بە لوتکەی پلیکانەکان لەگەڵ محەمەد و نەوڕەس، ڕووبەڕووی گۆڕی شاهانەی شا کەیخوسرەو دەبینەوە، کە لە مۆزەخانەی شوێنەواری سلێمانی و لە زۆر شوێنی دیکەی شارەکەدا بەرهەم هێنراوەتەوە. کەیخوسرەو گەورەترین پاشای ماد کە شکستی بە ئاشوورییەکان و شانشینی ئورارتو هێنا و بە کەسایەتیی سەرپەرشتیاری گەلی کورد دادەنرێت.

گۆڕەکە هەرچەندە بە سیاجێک پارێزراوە، بەڵام لە شکۆمەندیەکەی کەم نەکردوەتەوە. حەوشەیەک لە پێش گۆڕەکە دێت کە بە دوو پایە رازاوەتەوە و بە ژمارەیەکی زۆر هێمای زەردەشتی رازاوەتەوە. تەختاییەکانیشی بە جوانی نەخشێنراون. لە لای چەپەوە فەراڤاهار، دیسکێکی خۆری باڵدارە کە وێنەی پیاوێک لەسەری دانراوە. بۆ زەردەشتییەکان بەشێک لە جەوهەری خودایە کە لە کاتی دروستبوونیدا لە مرۆڤدا تێکەڵ بووە. لەلای ڕاستەوە پەیکەرێکی دیزاینکراوی

خۆر بە یازدە تیشکەوە کە لەلایەن مادەکانی کۆن ڕێزیان لێدەگیرێت و تا ئێستاش لەسەر ئاڵای کورد بوونی هەیە. لە ناوەڕاستدا دوو قەشە ڕوویان لە یەکتر کردووە لەبەردەم قوربانگایەکدا کە ڕێز لە ئاگری پیرۆز دەگرن، ڕەنگە نوێنەرایەتی پاشا کەیخوسرەو بێت. لە سەرووی تەختاییە نزمەکەوە، مانگێکی هیلال کە پەیکەری پیاوێک لەسەری دانراوە، نوێنەرایەتی خودایی مانگ دەکات. لەناو بنمیچەکەدا ئەو گۆڕە هەیە کە لە زەویدا هەڵکەندراوە، بەڵام بە چاوەکانم نایبینم.

من زۆر پەرۆشم کە ڕێک لێرەم بە حزوری ئەم شوێنەوارە دێرینە کە مێژووەکەی بۆ زیاتر لە 2500 ساڵ دەگەڕێتەوە، هەروەها پەرۆشم کە دەست لەم سیمبولە سیاسییە دەدەم، کە هێندە پێویستە بۆ کورد. من و نەوڕەس ئاڵا هەڵدەدەین، بە لەبەرکردنی ئەو جامانەیەی کە براکەم پێی بەخشیم، محەمەد بە ئاڵای

کوردستانەوە وێنەیەکمان دەگرێت. ئێمە لەم ساتەوەختەدا هێندە بە خۆشحاڵییەوە دەچینە خوارەوە لە پلیکانەکان، چاوەکانی نەوڕەس دەبینم بە خۆشی و شانازییەوە دەدرەوشێنەوە. لە ماڵی شێخ مەحمودەوە تا گۆڕی شا کەی خوسرەو، بە شوێنپێی پیاوە گەورەکانی کوردستاندا ڕۆیشتم.


























Bluetooth Audio
10:23
Album :
Song : Rebwar Malazada
Artist : Ary Faruq - Track 01 - You..
Presets
0:56





## گەشتێک بە بەلەم

من و محەمەد و نەوڕەس جارێکی تر ڕێگاکە دەگرینەوە بەر بەرەو دەریاچەی دوکان، نزیکەی کاتژمێرێک دواتر، دەگەینە کەناری زێی بچووک، کە لقێکی دیجلەیە کە لە چیای زاگرۆس لە ئێرانەوە سەرچاوەی گرتووە. ڕووبارەکە فراوانە و لە نزیک لێوارەکەی چەندین دار ڕواون. بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ دەوەستین و بەرەو چێشتخانەیەک دەڕۆین کە پەنجەرەی گەورەی هەیە و ڕووی لە ڕووبارەکە کردووە لە نزیک پردەکە کە بە دەریاچەکە دەگرێتەوە. وەستانێکی بەجێ بوو(شایستەبوو)،چونکە برسی بووین، لە ئێستاوە نزیکەی کاتژمێر چوار بوو. لە مینیۆکەدا برنج و فاسۆلیا و شیشی کەباب و زەڵاتە هەبوو. دوای نان خواردن دەچینە سەکۆی چێشتخانەکە و چا دەخۆینەوە. کاتی ئەوە هاتووە چەند سێڵفییەکی خۆش بگرین بە ڕووخسارێکی خەندەئامێزەوە.

ئێمە بە ئۆتۆمبێل بەردەوام دەبین لە گەشتەکەمان و لە دەریاچەکە نزیک دەبینەوە، محەمەد دەچێتە ئۆفرۆد و لە نزیک بەلەمێکی ژەنگاوی لە لوتکەی بەردێک دەوستێت کە لە خوارەوە زنجیرەیەک بەلەمی بچووک دەبینین و هەندێک بەلەمەوان لەناویاندان بۆ خواردنەوە و قسەکردن. نەورەس ئاڵنگاریان دەکات و موعامەلە لەسەر نرخی گەشتێکی بەلەم لەسەر دەریاچەکە دەکات. دیمەنەکە ناوازەیە ، شاخە وشکەکان لە دەوری دەریاچە شینەکەدا دیارە کە کۆگایەکی ئاوی دەستکردە کە بەهۆی بەنداوێکەوە سازبووە. لە بەردەکە دادەبەزین بۆ کەناری دەریاچەکە و دوای قسەکردن لەگەڵ یەکێک لە بەلەمەوانەکان، سواری یەکێک لە بەلەمەکان دەبین.

هەر سێکمان بەم گەشتە بەلەمەوە دڵخۆش بووین. محەمەد لە پێشەوەی بەلەمەکەدا بە چەقۆوە دانیشتبوو، نەورەس قاچەکانی درێژ کردبووەوە و جگەرەیەکی بە

دەستەوە بوو و منیش بە توندی بە پەنجەرەی
بەلەمەکەوە چەسپام، وێنەم دەگرت. بەلەمەکە خێراتر و
خێراتر دەڕۆیشت و بە خێرایی لە ناوەندی دەریاچەکە
نزیک دەبووینەوە. هەوا کە دەیدا لە ڕووخسارمان
هەستی ئازادی پێدەبەخشین. بەلەمەکە لە کەنارەکەی
نزیک بووەوە کە دەمانتوانی چینی ڕەنگە جیاوازەکان
لە لای ئەو شاخانە ببینین کە تەریب بوون لەگەڵ
دەریاچەکەدا. دوای پرسیارکردن، بەلەمەوانەکە پێی
ڕاگەیاندین کە ئەوە نیشانەی ئاستی ئاوە کە بەردەوام لە
دابەزیندایە. گۆڕانی کەشوهەوا و کارەکانی بەنداوی
هایدرۆلیکی کە لەلایەن هەردوو تورکیا و ئێرانەوە
ئەنجام دەدرێن، ئاوی کوردستان و عێراق بە
شێوەیەکی بەرچاو کەم دەکەنەوە. ڕەنگی ئاوی ئێرە
سەوز و جوانە. هەمووومان بە سەرسوڕمانەوە سەیری
دیمەنەکە دەکەین. بەڵام لە ئێستاوە، ئێمە دەگەڕێینەوە.
خۆر لە دابەزینیدایە و رەنگە گەرمەکانی خۆر

شاخەکە نیشانە دەکەن، تیشکی ئەستێرەی ڕۆژ وا لە ئاوی دەریاچەکە دەکات بە هەزار ڕووناکی بدرەوشێتەوە. بەلەمەکە بە هێزێکی نوێوە دەست پێدەکاتەوە و بزوێنەرەکە چەند تەکانێک دەدات کە بەلەمەکە دەلەرزێنێت و بە شێوەیەکی ئاسایی بەرزمان دەکاتەوە.

لەکاتی وێنەگرتندا دەبینم محەمەد هاوسەنگی لەدەست دەدات و لە ناوەڕاستی بەلەمەکەدا دەکەوێتە خوارەوە و منیش کە سەرەڕای ئەوەی بە باشی دەستم گرتووە، بە فیعلی کۆنترۆڵی مۆبایلەکەم لەدەست دەدەم. هەموومان هاوارێکی سەرسامی و شێتانەمان لێبەرزدەبێتەوە. گەشتی دەریاچەکە لە ئێستاوە کۆتایی هاتووە و دەگەڕێینەوە بۆ وشکانی.

ڕێگای خێرا بە درێژایی سەیرانگای پیرەمەگرون دەگرینە بەر بۆ سلێمانی. ڕەوە مانگا بە درێژایی ڕێگاکەدا دەڕۆن و ئاستی شاخەکە لێرە لە هێڵی کۆتایی دەچێت. لەگەڵ ئاوابوونی خۆر دەگەینە گەڕەکی شارە گەورەکە و بەرەو باکووری شارەکە دەڕۆین بۆ پارکی هەواری شار کە دووبارە بنیاتنانەوەی ستەیجێکی شانۆی ڕۆمانی لێیە. لە کاتی خۆیدا دەگەین بۆ خۆرئاوابوون. خۆر بە دوا ڕووناکی ئاسمان ڕووناک دەکاتەوە و ئاسۆ بە ڕەنگێکی پرتەقاڵی نایاب دەدرەوشێتەوە کە لەسەر شانۆکە ڕەنگ دەداتەوە. ساتەوەختەکە ئەفسوناوییە، ئێمە سەرسام دەبین بەم ساتەوەختە بەبێ ئەوەی یەک وشە بڵێین، من هەست بە خۆشییەکی گەورە دەکەم لەگەڵ هاوڕێکانم محەمەد و نەوڕەس کە دواتر بڵاوی دەکەمەوە.

پاشان دەچینە لای محەممەد و لەنیا کە دایک و باوکی نەوڕەس و کاک عەبدولکەریم و خاتوو حەمدیەش

گەیشتوون، هەروەها کوڕە بچووکەکەیان محەمەد و نەبەز و گوڵانی هاوسەری بە هەمان شێوە گەیشتوون. چ خۆشییەک، چ خۆشییەکە کە هەموو پێکەوە دەبین. نەورەس دەرفەتەکە دەقۆزێتەوە وێنەیەکی هەموومان دەگرێت، دواتر لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوی دەکاتەوە و لەسەری دەنووسێت "خێزانە جوانەکەم". ئەم ڕستەیە زۆر هەستبزوێن بوو بۆم.

هەموومان ماڵی محەمەد و لەنیا بەجێدەهێڵین بۆ ئەوەی بچینە ماڵی دایک و باوکی محەمەد کە تەنها ماڵی تەنیشتە. لەوێ لەلایەن دایک و باوکی محەمەدەوە پێشوازیمان لێدەکرێت کە دیسان ژەمێکی شایستەیان پێشکەش کردین. کچێکی بچووکم لەبیرە کە زۆر بە باشی بە فەرەنسی قسەی دەکرد. ئەو دەچوو بۆ قوتابخانە وابزانم لە قوتابخانەیەکی فەرەنسی بوو، بەڵام باڵای سێ پێ دەبوو، سەرسام بووم بە چاونەترسییەکەی و زانینی زمانی فەرەنسی.

میوانداریی کورد بێهاوتایە، بێ گوێدانە ڕەچەڵەک، نەتەوە، ئایین، بۆ هەر شوێنێک بچم، بە باوەشی کراوە و دڵ و دەست باشییەوە پێشوازیم لێدەکرێت.





















## هەولێر، پایتەختی کوردستان

ڕۆژی پێنجشەممە ١٠ی تشرینی دووەم من و کاکاواس هەندێک شت لەناو جانتاکۆڵەپشتیەکەیدا هەڵدەگرین کە لەگەڵ خۆمان دەیبەین. بۆ ماوەی دوو ڕۆژ دەچین بۆ پایتەختی کوردستان ( بە erbil عەرەبی) و بۆ سەردانی ئەو دەوروبەرە. ئەمجارەیان تەنها دوو کەسمان لە ئۆتۆمبێلەکەی محەمەدەوە جێدەمێنین. بە سلێمانی دا تێدەپەڕین و بەلای زانکۆ گەورەکەدا تێدەپەڕین، ئەو ڕێگایە خێرایە دەگرینەبەر کە ڕۆژێک پێشتر پێیدا هاتین، ئەو ڕێگایەی کە بە درێژایی پیرەمەگرونی مەزن بەرەو هەولێر دەڕوات، لەلای ڕاستمانەوە دەریاچەی دوکان بەجێدەهێڵین و بەناو دۆڵی سماقوڵیدا دەڕۆین، پاشان لە... شاخێک بۆ گەیشتن بە دەشتی گەورەی میزۆپۆتامیا. لە دوورەوە شارە گەورەکەی هەولێر دەبینم کە لە سەروویەوە هەورێکی خۆڵ و پیس هەڵواسراوە. لە لای چەپمان

مۆنۆمێنتی گەورە لە نزیک ڕێگاکە هەیە، مۆنۆمێنتی سەربازە ونبووەکە. ئێمە دەچوینە ئەویٚ بەڵام مۆنۆمێنتەکە بۆ نۆژەنکردنەوە داخرابوو، بەڵام سوود لە دیمەنێکی پانۆرامای جوان وەردەگرین. ئاڵایەکی زەبەلاحی کوردستان لە دوورەوە دەشەکێتەوە، ئاڵایەکی وا گەورەم نەبینیوە. بە ئۆتۆمبێلەکەوە تێدەپەڕین، بەردەوام بەچاو لێی دەڕوانم. من دەبینم کە بازنە گەورەکەی ئاڵاکە لە بادا دەفڕێت، کاتێک نزیکە لە ژێرەوە تێدەپەڕین، هەست دەکەم بەهۆیەوە بەختەوەرم.

دەچینە ناو گەڕەکی شارەکە کە دوکان و هۆتێلی گەورەی لێیە و دواتر دەگەینە ناوەندی شار و بازاڕەکانی. لەئێستادا هاتوچۆی زیاترە، بەڵام ئێمە توانیمان شوێنێک بدۆزینەوە بۆ وەستانی ئۆتۆمبێل لە پشتی قەڵا زیاترلە هەزار ساڵەیەکە. قەڵای هەولێر گێڕانەوەیەکە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی

پێش مێژوو و بە درێژایی مێژوو بەردەوام لەلایەن مرۆڤەکانەوە داگیرکراوە. من و نەورەس دوای ئەوەی داوای مۆڵەت لە پاسەوانێک دەکەین، سەردەکەوینە سەر پلیکانەیەک بۆ سەرەوەی پشتی قەڵاکە. لەکاتی سەرکەوتنمان بە شوێنەوارەکەدا فراوانی شارەکە دەدۆزمەوە و مزگەوتی گەورەی جەلیل خەیات دەبینم کە لە شوێنەوارەکانی تر جیاوازە. گەیشتمە لوتکەی قەڵاکە کە پێشمەرگەیەکی ماندووی تێدایە ، نەورەس بە جوانی لێی دەپرسێت ئایا ڕازیە لەگەڵ من وێنەیەک بگرێت؟ لە ژێر پەنجەرەیەکی گەورەی بەردیدا تێدەپەڕین کە دەمانباتە شاڕێی سەرەکی قەڵاکە. لەلایەن یونسکۆوە پارێزراوە، زۆر کاری نۆژەنکردنەوە لەوێ ئەنجام دەدرێت. بەلای باڵەخانەی زۆر جواندا تێدەپەڕین کە بەم دواییە بە ستوونی نۆژەن کراونەوە، بەڵام سەرنجڕاکێشترین شوێنەکان مۆزەخانەی قوماش(پارچە) کە کۆمەڵەیەکی گەورە و

دەوڵەمەند لە فەرشی کوردی کۆدەکاتەوە  هەروەها جلوبەرگی نەریتی و مۆبیلیات و کەلوپەلی دیکۆراتی تر و ڕۆژانە. مۆزەخانەیەکە کە بە تەواوی شایەنی سەردانیکردنە.

لەوێشەوە بەرەو مۆزەخانەی جیۆلۆجی دەڕۆین کە جێگەی سەرنجە، بەڵام ئەو خانووە خشتییەی کە تێیدا هەڵکەوتووە بەهۆی لایەنی تەلارسازییەوە سەرنجڕاکێشە. پردی ناوەندی کەلە قەڵاکەیە بە دڵنیاییەوە سەرنجڕاکێشترین شوێنەوارە بەراورد بە قەبارەکەی. دەرگای سەرەکی بۆ قەڵاکە پێکدەهێنێت و دیوارە خشتییە بەرزەکانی ئاماژە بە بە ڕێزگرتن دەکەن. بەشێکی تەختکراوی بچووک هەیە کە چەند تۆپێکی برۆنزی تێدا دادەنرێت یەکێکە لە شوێنە بەناوبانگەکان بۆ ئەوەی بینەران وێنە بگرن. من و براکەشم لەوە بێبەش نەبووین. دیمەنی بێ بەربەستی گۆڕەپانی ناوەندی هەولێر بە نافورە و فوارە ئاوەکان و

تاوەری کاتژمێرە بەناوبانگەکەی و یاریگاکانی بازاڕەکەیەوە زۆر نایاب و سەرنجڕاکێشە. چەندین جار لە ئینتەرنێت ئەم شوێنە بەناوبانگەم بینیبوو، ئێستا لەوێیم. چەند تایبەتە.

بە ڕێڕەوێکەوە لە قەڵاکە دادەبەزین کە بەرەو گۆڕەپانەکە دەمانبات. لەکاتی دابەزینماندا سەرسام دەبین بە دیوارە بەرزەکانی ئەو قەڵایەی کە دەوری داوە. هەستێکی دەسەڵاتداری لەم شوێنە دێرینە سەرهەڵدەدات. دوکانەکانی یادگاری و چاخانەی بەناوبانگی قەڵا لە یەکگرتنی گۆڕەپانەکە و قەڵاکەدا دەدۆزرێتەوە. من و براکەم بە جوانی شوێنەکە سەرسام دەبین و بە سەرسامی بە گۆڕەپانەکەدا دەڕۆین. فوارە ئاوەکان بەشێک لە جۆشوخرۆش دەهێننە ئەم شوێنە. زۆرێک لە خێزانەکان دێن بۆ سەیران، منداڵان یاری دەکەن و گەورەکان دادەنیشن و لەگەڵ یەکتردا قسە دەکەن یان یاری جۆراوجۆر

دەکەن. نەورەس چێشتخانەیەک دەدۆزێتەوە بۆ خواردن، درەنگ بووە و برسین.

پاشان براکەم دەمباتە بازاڕە کۆنەکە. پێکهاتەی بازاڕەکە نایاب و سەرنجڕاکێشە، خەزنەکانی خشتی بەرز شەرەفێکی تایبەت بە شوێنەکە دەبەخشن. فرۆشگاکان لە تەنیشت یەکترەوە دانراون، هەندێک جار بەرهەمەکانیان پێشکەش دەکەن تا ناوەڕاستی ڕاڕەوەکە. بازاڕەکە چێژێکی ڕاستەقینە و قووڵی تێدایە . من لێرە و لەوێ چەند بەرهەمێکی خۆراکی لە کوردستان دەکڕم و بە تایبەت جووتێک 'کڵاش-گیوە'، ئەم پێڵاوە نەریتییە وکاری دەستییە و کوردییە کە لە بۆنە تایبەتەکاندا لەپێی دەکەین.

بەزوویی شەو دادێت بەڵام نەورەس بە ئۆتۆمبێل دەمباتە مزگەوتی جەلیل خەیات. لە دەرەوەی مزگەوتەکە تەلارسازییەکی هەڵبژێردراو بە شێوازی عوسمانی نمایش کراوە. مۆنۆمێنتەکە بە جوانییەکەی

سەرسامت دەکات، لە کاتێکدا من دڵخۆشم کە دەتوانم سەردانی بکەم، لە کاتی نوێژدا دەگەین و پاسەوانەکە ڕێگری دەکات لە چوونە ژوورەوەمان. هەردووکمان تەواو نائومێد بووین بەڵام زۆری ماوە تا ئەوەی خەمبارمان بکات(گوێی نادەینێ). نەوڕەس هەمیشە بەتوانایە و ئەمجارەیان دەمباتە پارکێکی بەناوبانگی شار، پارکی منارە. دەروازەکە داخراوە، بەڵام نەوڕەس توانیویەتی لە دەروازەی پارکێکی دیکەی تەنیشتیەوە بچێتە ژوورەوە. تاریکە بەڵام هێشتا چەند پیادەڕێک ماون. دەگەینە بەردەم منارەیەکی دێرین کە بە کوچەیەک ڕووناک دەکرێتەوە کە بە جەستەی کەسانی بەناوبانگ ڕازاوەتەوە. شوێنەکە جوانە و لە ئێستادا زۆر باشین پێکەوە. لە کاتێکدا پێکەوە گاڵتە دەکەین، لەسەر شانم بەرزی دەکەمەوە، خەریکە بکەوم، وەک منداڵ پێدەکەنم و دووبارە پێم سەیرە


چۆن توانیمان سێڵفی بگرین بەبێ ئەوەی هەردووکمان لەسەر زەوی بین.

لە کاتێکدا ئێمە بەدوای هۆتێلی دووەمدا دەگەڕاین بۆ شەوەکە، هۆتێلی یەکەم کە لە ناوەڕاستی شاردا بینیبوومان چیتر دڵی خۆش نەدەکردین، نەوڕەس ئامۆزاکەیشی بینی. بەداخەوە تووشی کرژبوون(تێکچونی گەدە-دڵتێکهەڵهاتن)بووم و داوامکرد لە نەوڕەس کە خێرا ژوورێک بۆ پشوودان بدۆزێتەوە. ڕەنگە شتێکم خواردبێت کە تازە نەبووبێت، یان سەوزەیەک کە جوان نەشۆردرابێتەوە. ئەو شەوە تەواو نەخۆش بووم و نەوڕەسی داماویش بەبۆنەی منەوە ئێوارەیەکی ناخۆشی بەڕێکرد.























## لالش، شاری پیرۆزی ئێزدییەکان

ڕۆژی دواتر دوای بەسەربردنی شەوێکی سەخت، جارێکی تر بە ڕێگا دەگرینەوە بەر وئەمجارە بەرەو لالش شاری پیرۆزی ئێزیدییەکان دەڕۆین. ئێزدییەکان کوردن کە توانیویانە ئیمانە کۆنەکەیان بپارێزن کە کۆمەڵەیەکی(لقێکی) ئایینییە کە لە ئایینی زەردەشتی و میترا ئیلهامی وەرگرتووە بەڵام ئایینە یەکتاپەرستەکان و بە تایبەتی ئیسلامیش. ئەم پێکهاتەیە بچووکە بەشەکیە-ئایینی ەیان کردووەتە قوربانی توندوتیژی و جینۆساید کراون لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە، سەرەڕای ئەوەش لە کوردستاندا کەمینە ئایینییەکان ئەو دەرفەتەیان دۆزیوەتەوە کە لە هیچ شوێنێکی دیکە نەیاندۆزیوەتەوە.

لە ژێر ئاسمانی هەوردا هەولێرمان بەجێ هێشت و بە زێی گەورەدا تێپەڕین، کە لقێکی دیکەی دیجلەیە، کە بە دەشتە تاریک و خۆڵەمێشی و تۆزاوییەکانی

ناوچەکەدا دەڕژێت. چاوەڕێم نەدەکرد ئەم هەرێمە ئەوەندە خەمناک بێت. ئێمە لە ئێستاوە لە بیابانی دەشتەکانی میزۆپۆتامیادایین و دیمەنەکە بە شێوەیەک جیاوازە لەگەڵ تەختاییەکی دەوڵەمەند و پێچەوانەی پارێزگای سلێمانی. پاشان ڕێگای بیابانی(دەشتایی) بەجێدەهێڵین و ئاماژە بە چیاکە دەکەین کە گوندی لالش ی لێیە. ئاگرێکی گەورە لە دوورەوە دیارە کە دەبێت بیرێکی نەوت بێت، بەڵام بەهەڵکەوت ئەوەش دەردەخات کە پەیوەندی بە ئاگری پیرۆزەوە هەیە. کەشوهەوا هەربە هەوری ماوەتەوە و پێدەچێت هەورەکان بە چیاکانەوە نوسابن، کەش و هەوا لەم مانگەی تشرینی دووەمدا فێنک دەبێت. نەوڕەس لە دەرگای چوونە ژوورەوەی گوندەکە ئۆتۆمبێلەکەی دەوەستێنێت و دەست دەکەین بە پیادەڕەوی بە شەقامی سەرەکیدا.

خانووە بەردییەکان بە باشی ڕێکخراون، بەم دوابیە نۆژەن کراونەوە و کەبە شێوازێکی کۆن دروست کراون. ئێمە پەرستگاکان بە سەقفە دەرچووە تایبەتمەندەکانیان جیا دەکەینەوە. کاتێک دەگەینە گۆڕەپانێکی بچووک گەنجێک پێمان دەڵێت پێڵاوەکانمان دابکەنین چونکە هەموو گوندەکە شوێنێکی پیرۆزە. ئێمە پابەند دەبین و پێڵاوەکانمان بەو دەسپێرین. لالش گوندێکی بچووکی زۆر تایبەتمەندە و شەقامی بچووکی هەیە و لە هەموو شوێنێک پلیکانەی هەیە و پەرستگا زۆر تایبەتەکانی هەیە. کەش و هەوای ئەوێ تایبەتە.

لە کاتێکدا کەمێک سەرقاڵ دەبین کە بە پێی ڕووت بە دەوریدا دەڕۆین، بەرەو گەورەترین پەرستگاکان دەڕۆین. دەرگای بەردەکە بە وردی دروستکراوە، دەچێتە حەوشەی ناوەوە و دواتر دەچێتە خودی پەرستگاکە. دەرگایەکی نەخشێنراوی نایاب ڕێڕەوەکە

دەڕازێنێتەوە. هێماکانی وەک مانگ، خۆر و هەروەها تاووس زۆرجار لەسەر دیوارەکانی گوندەکە دەبینرێن. ئێمە پێش ڕێبەرێک دەچینە ناو پەرستگاکە و بە گەورەترین سەرسوڕمانەوە ژوورێکی گەورەی چەقۆدار(تیژ-تەمتەم) دەبینین کە دیوار و زەویەکەی داپۆشراوە. زۆرێک لە پەیکەر و پەرداخەکان بە قەبارەی جیاواز لە زەویدا بە درێژایی دیوارەکان دانراون

لەسەر یەکێک لە دیوارەکان شوێنەواری ڕەش کە بە کفنی دەستی دروستکراون هێڵکاری دیوارەکە دەکەن. دووەم دەرچەی بچووک دەچێتە ژوورێکی دیکەی چەقۆدار، بەڵام بچووکتر و بە هەمان شێوە تاریک. ڕێبەرەکە بەداخەوە کەم ڕوونکردنەوەمان پێدەدات لەسەر ئەو ڕێوڕەسمانەی کە ئەنجامدەدرێن. کەشەکە ئەوەندە سەیرە بۆ ئێمە، کەمێک نارەحەتکەریشە. بەهۆی پەرۆشیمانەوە ویستمان ئەم شوێنانە

بدۆزینەوە، بەڵام دڵنیاکراینەوە کە بگەڕێینەوە بۆ ڕووناکی دەرەوە. سەردانی شوێنێکی تر دەکەین کە باڵندەیەکی زۆر دێن بۆ خواردن. ئێزدییەکان نانە پاشماوەکان لەسەر ڕەفەکان هەڵدەگرن بۆ ئەوەی باڵندەکان بیخۆن. کەمێک سەرسوڕماوین و لە پەرستگاکە دێینە دەرەوە، وەک ئەوەی گەشتمان کردبێت بۆ کاتێکی تر، بۆ خاکێکی دوور. سەیرە چونکە ئێمە لە مانای نەریتەکانیان تێناگەین. هەموو شتێک لێرەدا سەرلێتێکدەر خۆی نمایش دەکات. تا ڕادەیەکیش نەفامانە، کولتوری ئاگرەکەیان زنجیرەی یاری عەرشی بیرخستمەوە.

کۆڵانەکانی تر دەگرینە بەر و بە پەرستگا بچووکەکانی تردا تێدەپەڕین. ئێمە تووشی خێزانێکی ئێزیدی دەبین کە لە ئەوروپا دەژین و چەند زانیارییەکمان پێدەدەن دەربارەی ئەم کۆمەڵگەیە و نەریتەکانیان. دەگەینە سەر سەکۆی پەرستگایەک کە


خاڵی دەرچوونی ئەم پەرستگایە لێیەوە دەردەکەوێت، خێزانێک لەوێیە. دیمەنی سەر شاخەکە سەرنجڕاکێشە، بەڵام نەورەس داوام لێدەکات کە بڕۆینەوە. هەست بە ئاسوودەیی ناکات، تێدەگەم و ڕێز لە هەستەکانی دەگرم و دەبێ بگەڕێینەوە بۆ ئۆتۆمبێلەکە بێ ئەوەی لەبیرمان بچێت پێڵاوەکانمان وەربگرینەوە.





















## مەزاری پێغەمبەر ناحوم

دەست دەکەینەوە بە گەشتەکەمان و بەرەو (قوش) دەڕۆین، کە گوندێکی مەسیحییە لە نزیک شاری دهوک و دوور نییە لە موسڵ. پێشمەرگەیەک پاسەوانی دەرگای چوونە ژوورەوەی گوندەکە دەکات و پێمان دەڵێت مەزارگاکە داخراوە و بڕۆن. ئێمە لەڕادەبەدەر بێهیوا بووین بەڵام بڕیارماندا بەردەوام بین لە گەشتەکەمان بەرەو گوندەکە. بەڕاستی حەزم دەکرد بچمە سەر گۆڕی پێغەمبەر ناحوم (نەهەمی بە فەرەنسی) لە ئایینی جوو


هەبوونی ئەندامانی خێزانەکەم کە هاوسەرگیری لەگەڵ کوردی جوو کردووە، بەڕاستی حەزم دەکرد بچمە ئەویّ.

یەکێکە لە تاکە شوێنە پارێزراوەکان کە کۆمەڵگەی دێرینی جووەکانی کوردستان بەم وڵاتە دەبەستێتەوە. ناحوم پێغەمبەرێکی عیبری دێرینە کە بە یەکسانی

لەلایەن مەسیحی و موسڵمانانەوە ڕێزی لێدەگیرێت کە لە سەدەی حەوتەمی پێش زایین ژیاوە و پێشبینی لەناوچوونی نەینەوای کردووە کە ئەوکات پایتەختی ئیمپراتۆریەتی ئاشووری بووە.


قوش گوندێکی بچووکە و شەقامە پێچاوپێچەکانی هەیە و چەندین کڵێسای ڕێوڕەسمی کلدانی هەیە. دوای ئەوەی پرسیار لە ڕێگاکەمان دەکەین دەگەینە بەردەم گۆڕی پێغەمبەر کە بەهۆی بودجەی ئەمریکاوە بەم دواییە نۆژەن کراوەتەوە، شوێنەکە بەدەست شەڕی داعشەوە توشی زیان بووبوو. ناوەوەی گۆڕستانەکە کەنیسەیەکی کۆن هەیە کە دوانزە ستوونی تێدا جێگیرکراون بۆ وەبیرهێنانەوەی دوانزە هۆزەکەی ئیسرائیل، کە بڕگەی عیبری لە کتێبی نەحەمیا لەسەر ستوونەکان هەڵکەندراوە. لە ناوەندی کەنیسەکەدا گۆڕی پێغەمبەر هەیە کە بە سیاجێکی ئاسنی دروستکراو دەورە دراوە.

بەداخەوە مەزارگاکە داخرابوو، ئێمە لەبەردەم دەرگاکەی بووین دوای ئەوەی ئەوەندە دوور بێ هیچ شتێک هاتووین . هەوڵماندا کلیلەکە لە دراوسێیەک وەربگرین، پاشان لە کرێکارێک کە لەوێ کار دەکرد، پاشان تەنانەت لە هۆڵی شارەوانیش، بەڵام کەس نەیدەتوانی دەرگاکەمان بۆ بکاتەوە. بەڕاستی نائومێد بووین و دواجار بڕیارماندا بڕۆین. بەلای ئەو پێشمەرگانەدا تێدەپەڕین کە بە توندی سەرزەنشتی براکەمیان کرد بەهۆی هاتنە ناو گوندەکەوە. ئێمە بە هەڵوێستی ئەو تووشی شۆک بووین و تێنەگەیشتین بۆچی چوونە ژوورەوەی لێ قەدەغە کردین. ڕەنگە ترسناکییەکانی شەڕ لەگەڵ داعش تا ئێستاش لەم بەشەی کوردستان کاریگەریان مابێت و دەبێ خەڵکەکە وریابن لەئاست بێگانەکان(نەناسراوەکان).


















## ئاکرێ

دیسان ڕێگاکە دەگرینە بەر بەرەو ڕەواندز کە هیمدادی هاوڕێم چاوەڕێمان دەکات. ڕێگاکە درێژە بۆیە بڕیار دەدەین بە خێرایی لە ئاکرێ بوەستین کە لە ڕێگاکەدایە. ئاکرێ لەلایەن هەمووانەوە بە پایتەختی نەورۆز دادەنرێت، کە فێستیڤاڵی ساڵیادی بەهارە، کە کوردەکان هەموویان کۆدەبنەوە بۆ ئاهەنگگێڕان بەبۆنەی کۆتایی هاتنی زستان و سەرەتای بەهار. خێزانەکان پێکەوە کۆدەبنەوە و سەیران دەکەن، تەنانەت هەندێک جار بە مۆسیقای کەلتوری هەڵدەپەڕن و شەوانە کاروانی مەشخەڵی لەسەر ئەو شاخە جۆراوجۆرانە ئەنجام دەدرێت کە شارەکە پێکدەهێنن.

ناوەندی شارەکە بەسەر چەند شاخێکدا بڵاوبووەتەوە و قەڵایەکی کۆن کە ئێستا وێران بووە، دەڕوانێتە سەر یەکێک لەو چیایانەدا بەسەر شارەکەدا. لە خوارەوە

مزگەوتێکی جوانی لێیە. ئاکرێ گرنگییەکی تایبەتی هەیە بۆ کلتوری کوردی و براکەم زۆر خۆشحاڵ بوو کە لەوێ بوو. لە شەقامە بچووکەکانی تایبەت بە شارۆچکە کۆنەکەوە، دیمەنی نایاب پێشکەشمان دەکرا. ئاڵای کوردستان و وشەی 'پێشمەرگە' لە لای شاخەکە وەکو ئەوەی ئاسەوارێکی نەتەوەیی بێت، کێشرابوو. وێنەی یەکترمان دەگرت و بۆخۆشی منیش زوومم دەکردە سەر پێڵاوەکانی نەورەس و پێم گوت سەیرکە وێنەکە چەند جوانە. نزیک دەبێتەوە و سەیری دەکات و بە پێکەنینەوە دەتلێتەوە. زۆرجار براکەم عادەتی ئەوەی هەیە کە نوکتەی ناوەندی گوێدرێژەکەی دەگێڕێتەوە. بۆ ئەو پرسیارەی کە بۆچی ئەمە دەکەیت، بە خۆشی خۆی وەڵام دەداتەوە: “من حەزم لێیە”. بە دڵنیاییەوە شێوازی وا بوو و کەسی تر وەک ئەو نەیدەکرد. من زۆرم خۆشدەوێت کە گاڵتەی لەگەڵ بکەم، نەورەس ئەوەندە سادە و خەمخۆرە.


بەداخەوە ناتوانین زیاتر لە شار بمێنینەوە چونکە دەمانەوێت پێش تاریکی بگەینە ڕەواندز و جارێکی تر بەو ئاراستەیە بەڕێکەوین. بەڕاستی دڵخۆشم بە هەبوونی براکەم کە بە درێژایی مانەوەم بەو شوێنەی کە ویستومە بردوومی. هەرگیز گلەیی لە ماندووبوونی نەدەکرد.






PESHMERGA




PESHMERGA



**هیمداد ی هاوڕێم**

لە ئاکرێ وە تا ڕەواندز، ڕێگاکە شایستەیە، چونکە تەختایی جۆراوجۆر دەبڕێت. ئێمە بەدوای دامێنی شاخەکەدا دەڕۆین بەرەو هەولێر، بەڵام بەلای چەپمانەوە بەرەو چیای کۆڕەک ڕێ دەکەین. ڕێگاکە بە کێشانی توندەوە پێچاوپێچە بۆ ناوچەی سپیلک لەوێشەوە چێژ لە دیمەنێکی بەرز وەردەگرین لەسەر دەشتی هەولێر. چەند فرۆشیارێک لە ڕێگاکە دادەنیشن و کاڵای جۆراوجۆر دەفرۆشن. کەمێک زیاتر، کاکاواس گۆرەوییەکی جوانی مرواری شین بە مێخەک دەکڕێت. بە ئۆتۆمبێلەکەیەوە هەڵیواسی و بۆنەکەی تەواوی ئۆتۆمبێلەکەی پڕ کرد، پێش ئەوەی بەرەو فەرەنسا بڕۆمەوە پێشکەشی کردم. لەکاتی نووسینی ئەمانەدا ئەم گۆرەوییە ڕێک لەبەردەممدا هەڵواسراوە بەو تەسبیحەی کە نەورەس پێی بەخشیم و هەروەها محەمەدی برا بچووکەکەی.

ئێمە درێژە بە ڕێگاکەمان دەدەین بەرەو خەلیفان،
لەوێ شاخەکە بەرزتر و بەرزترە و لەودیو شارەوە
دەچینە ناو دۆڵی قووڵەوە کە لە لای ڕووبارەکە
شۆردەبێتەوە. هەربینینی سروشتەکەی باوەڕپێنەکراوە.
ڕێگاکە بەجێدەهێڵین بۆ سەرسامبوون بە تاڤگەکانی
گەلی عەلی بەگ. کێ دەتوانێت خەیاڵ بکات کە لە
درزێکی شاخەوە تاڤگەیەکی بەهێز دەڕژێتە ناو
دەریاچەیەکی بچووکەوە؟ پلیکانێک کە سێبەری
دارێکی لەسەرە، دەمانباتە دامێنی کانیاوەکان.
بەربەستە دارەکان دەوری دەریاچەکە دەدەن و نزیکتر
سەردەکەوین بۆ ئەوەی بگەینە ئەو کانیاوانەی کە وەک
موگناتیس ڕاماندەکێشن.

لەوێشەوە ڕێگاکە زیاتر لە شاخەکاندا نوقم دەبێت و
دیمەنی ڕەواندزمان پێشکەش دەکات کە لەئاستی پارکە
نەتەوەییەکانی ڕۆژئاوای ئەمریکایە. شاخەکە گەورە و
کێوییە و بە گەورەییەکەی ئیلهاممان دەداتێ. لە ژێر

ڕێگاکەدا وەستاین و هەناسەمان بەم تەماشاکردنەوەدەدەین. گادرێڵەکان(موحاجەرەکان) ئۆتۆمبێل و پیادەکان دەپارێزن لە کەوتنە خوارەوە بەسەر لێوارەکەدا، بەڵام کاکاواس بەسەریاندا سەردەکەوێت، وەک سەرپێچییەک؟ منیش هەمان شتم کرد بەڵام سەرم گێژیخوارد و یەکسەر دابەزیم.

ڕێگاکە دەمانباتە سەر کانیاوەکان(تاڤگەکانی) بێخاڵ. بەڵام کەمتر سەرنجڕاکێشن لە چاو ئەوانەی گەلی عەلی بەگ، بە هەمان شێوە گەشتیاران بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن. تاڤگەکە دابەش دەبێت بەسەر چەند چەمێکی ئاودا کە دەڕژێتە خوارەوە بەسەر بەردەکانی ئەو چیایەدا کە ئاڵایەکی مەزن و گەورەی کوردستانی تێدا وەستاوە. نەورەس ناتوانێت خۆیبگرێتە لە وێنەگرتن، من دەرفەتەکە دەقۆزمەوە لە پشتیەوە دەخلیسکم و دەیگرم بۆ ئەوەی وێنەکانی بگرێت. ئەو

پێدەکەنێت کە دەبینێت من دەیکەم، هەمیشە بە گاڵتە خراپەکانم پێدەکەنێت.

ڕێگاکە لەسەر بەرزایی شاری ڕەواندز بەرز دەبێتەوە کە ڕووی لە بان ە سەرنجڕاکێشەکە کردووە.
هاوڕێکەم هیمداد لە دەروازەی چوونە ناو شار چاوەڕێمان دەکات  کە زۆر بە میهرەبانیەوە (بەنگەڵۆ)خانەیەکیگەشتیاری بۆ تەرخان کردووین لە هاوینەهەواری شاخی کۆڕەک. سەبارەت بە نەوڕەس، من لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هیمدادم دەناسی، لە هەمان کاتدا. هیمداد زۆر چالاکە و بە سۆزەوە بەرگری لە نیشتمانەکەی و فەرهەنگ و مێژووی کوردستان دەکات. لە سایەی پۆستەکانی ڕۆژانەی زۆر شتم دەربارەی کوردستان فێربوو.

کاتێک بە هیمدادم گوت کە من لە کوردستانم و دەمەوێت چاوی پێ بکەوێت ئەو لەڕادەبەدەر دڵخۆش بوو. ئەو هەموو هەوڵی خۆی دا بۆ ئەوەی یەکێک لە

باشترین هۆتێلەکانی کوردستانمان بۆ بگرێت.


هاوینەهەواری ئیڤێرتۆن ڕووی لە گەروو(دۆڵ)ـەکە کردووە! داوام لێکرد پێشوەخت پارەی ژوورەکە نەدات، ئەویش وەڵامی دایەوە "تۆ لە کوردستانی براکەم! من پێداگریم کرد، بەڵام ئەویش وەڵامی دایەوە "تەنانەت لەگەڵ تۆش باسی ئەم بابەتە ناکەم". چەک داماڵیم(شەرمەزاری کردم)، جارێکی دیکە ڕووبەڕووی میوانداری و میهرەبانی بێ وێنەی کورد بوومەوە.

هیمداد لە دەروازەی شارەکە دەبینینەوە، کوڕێکی باڵابەرز و ڕەش تاڵە لە پشت ڕیشە ڕەشەکەیەوە زەردەخەنە دەکات. زۆر خۆشحاڵ بووین کە بۆ یەکەم جار یەکترمان بینی. یاوەری کردین بۆ جێگاکەمان. خانوویەکی جوان بوو بە هەموو ئاسوودەییەکانیەوە ڕازێنرابوویەوە لەگەڵ چێشتخانە و ژووری میوان و حەمام و دوو ژووری نوستن.کاتەکەی درەنگ بوو،

من و نەورەس داوای لێدەکەین کە شەو لەگەڵمان بمێنێتەوە، بەشی هەمووان جێگا هەبوو. لە کاتێکدا من لەگەڵ هیمداد لەسەر قەنەفە دانیشتبووم و قسەیان دەکرد، نەورەس سەردانی ژووره جیاوازەکان دەکات و لەناکاو گوێم لێدەبێت هاواردەکات "هیها". من لە نەورەس ناپرسم بۆ ئەو دەنگە دەنگەی کرد و من بەردەوام لەگەڵ هیمداد قسە دەکەم، ئەو تەنها دڵخۆش بوو کە لەم ماڵە جوانەدا بوو. ژەمەکان بە تەلەفۆن داوا دەکەین و لەسەر مێزەکە نان دەخۆین، دواتر نەورەس لەسەر یەکێک لە قەنەفەکانی بەردەم تەلەفزیۆنەکە پاڵدەکەوێت. پێی دەڵێم دەتەوێت لە کوێ بخەویت؟ لە وەڵامدا دەڵێت "لێرە زۆر باشە". لەم ڕۆژەوە ماندوو بووم کە پڕ بوو لە سەرگەرمی و جەو وەرگرتن، دوای دوشێکی باش خۆمم نوقم کرد لە جێگایەکی گەورەی ئارامدا.



















## ڕەواندز

بەیانیەکەی دیکە من و هیمداد و نەوڕەس بەرەو لێواری بەردەکە دەڕۆین. کەش و هەوا کەمێک هەورە و خەریکە سارد دەبێت، بەڵام دیمەنەکە بە تەواوی نایاب و سەرنجڕاکێشە. ئێمە بەو جوانییە بێدەنگ بووین، لێوارەکە زۆر قووڵدەبێتەوە و ئەو ڕووبارەی لە بنی دۆڵەکەدا دەڕژێت تەنیا لە بەرزییەکەی ئێمەوە ئاوێکی تەنک دیارە. دیمەنەکە نائاساییە، چاوەکانمان ناتوانن لەم تەماشاکردنە دوور بکەونەوە. نەوڕەس سەرمای دەبێت و دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بۆ لای سەیارەکە بڕوات،

با ی ئەو بەیانییە بەهێزە. من و هیمداد بە پێ دیمەنێکی تر دەبینین کە لەوێوە دەتوانم چیای کۆڕەک و زنجیرە چیای زاگرۆس ببینم. کەمێک بەدەوری خۆماندا دەسوڕێینەوە و نەوڕەسی برا بچووکە پارێزەرەکەم لە ئۆتۆمبێلەکە دێتە دەرەوە بەدوای ئێمەدا

دەگەڕێت چونکە کەمێک نیگەرانە. هیمداد دەچێتەوە بۆ شار و ماڵئاوایی دەکەین، بەو هیوایەی زۆر بە زوویی جارێکی دیکە یەکتر ببینینەوە.

هیمداد کەسێکی زۆر دۆستانە و دڵسۆزە، سەرەڕای دووریمان بەڵام لە نزیک یەکتر ماوینەتەوە، هێشتا بە پەرۆشیەوە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان فۆڵۆوی دەکەم و جارجارە

چات ی لەگەڵ دەکەم. بەڕاستی کەسێکی باشە.

---

من و نەورەس دەگەڕێینەوە بۆ بێخاڵ، نانی بەیانیمان لەوێ لەبەردەم تاڤگەکە دەخۆین. هەربەڕاست لەوە زیاتر چاوەڕوانی چی دەکەیت؟ لەگەڵ گەڕانەوەمان بۆ سەر ڕێگا، براکەم چەند مۆسیقایەکی لەسەرخۆ و هێمنانەی گۆرانیبێژی ئیماراتی حوسێن ئەلجاسمی دەخاتە سەر. من بە گوێگرتن لە ئایکۆنە گەورەکانی

مۆسیقای کلاسیکی عەرەبی گەورە بووم. باوکم کە بەرەچەڵەک خەڵکی تونس بوو، عاشقی مۆسیقا بوو و حەزی لە گوێگرتن بوو لە گۆرانییەکانی ئوم کەلثوم و بەتایبەتیتریش فەرید ئەلعەترەچە. هەروەها هەر کە گوێم لە دەنگی دەربەکە یان عود دەبێت، هەموو لە گێژاودا دەبم(ئیتر مەستدەبم)

ڕێگاکە دەمانباتە شەقڵاوە، دەچینە سەرەوەی دۆڵەکە و بۆ ئەوانەی شاخیان خۆشدەوێت دیمەنەکان
هەناسەبڕکێن. لە کاتێکدا چێژ لە دیمەنێکی نایاب وەردەگرین، داوا لە نەوڕەس دەکەم بوەستێت. ئەو ئاڵا گەورەیەی کوردستان کە لە سلێمانی کڕیبووم دەردەهێنم و خۆمی تێدا دەپێچمەوە، وەك عابا بەکاریدێنم، نا خۆم بە سوپەرمان ناگۆڕمەوە، بەڵام سوپاسی خودا دەکەم بۆ ئەم ساتەوەختە ناوازەیە لەگەڵ براکەم و باشترین هاوڕێم بۆ ئەوەی ئەم ساتەوەختە نایابە لە ساتێکی ناوازەدا بژین. تەنانەت سروودی

کوردیی 'ئەی ڕەقیب'م گوت کە حسێن مامۆستاکەم خەمخۆرییەکی باشی هەبووە تا فێرم بکات.

جارێکی تر ڕێگاکە دەگرینە بەر بەرەو شەقڵاوە، پاشان بەرەو سلێمانی لە نزیک (ئەکوبان) دەوستین، لە دوورەوە شاخەکانی بەرزی بچووک بەرز دەبنەوە کە پالێتێکی نایابی ڕەنگی سوور و قاوەیی و خۆڵەمێشی پێشکەش دەکەن، گوێم لە بانگبێژ دەبێت لەکاتێکدا چەند مانگایەک دەلەوەڕێن لە کێڵگەکاندا.

لە ڕێگاکە زیاتر لە هیران دەوەستین. من سەرسامم بە ژمارە و قەبارەی ئەو هەنارانەی کە دوکانی خواردن و خواردنەوە لە کەناری ڕێگاکە دەیفرۆشن، ئەو قۆریە چایە ڕەشە گەورە ئاسنانەی کە لەسەر ئاگرەکە گەرم دەبن و ئامادەن بۆ پێشکەشکردنی چای نایاب بۆ گەشتیارەکە. لەبەر پەرۆشیم دەچمە ناو دوکانی خواردن و سەرسامم بە ژمارەی سەبەتەی بەهارات و میوە وشککراوە جۆراوجۆرەکان وە مرەباش بە تام و

چێژی جیاواز. لە هونەری چێشتلێنانی کوردیدا چاوەڕوانی هەمەجۆریی ئەوەندەم نەدەکرد.

لەگەڵ نزیک بوونەوەمان لە دەریاچەی دوکان ئاسمان زیاتر تاریک دەبێت و ڕەنگێکی شینی درۆزن باڵ دەکێشێت بە سەرشاخەکانی دەوروبەری. ئێمە بەدوای سەیرانگای چیای

پیرەمەگروندا دەگەڕێین، ئاسمان تاریکتر دەبێت، بە ڕوونی بەفر لەسەر لوتکەی شاخەکان دەبینم و نەوڕەس پێم دەڵێت "سەیرکە، باران دەبارێت". من وەڵامی دەدەمەوە "بەڵام نەخێر تەنها هەورێکە و تێدەپەڕێت"، چەند ساتێک دواتر بەڕاستی باران باری، ڕاستی کرد. پێی دەڵێم "ئاه! بەڵام تۆ ڕاستت کرد" بە زەردەخەنەوە لەبنی لێویەوە سەری دادەخات.

دەگەینە سلێمانی و هەورەکان بەسەر شاخەکانی دەوروبەری شارەکەدا دەسوڕێنەوە و کاتێک بە

ماجدی‌مۆڵ دا تێدەپەڕین، برا بچووکەکەم لەسەر ڕێگاکە دەوستێت بۆ ئەوەی وێنەیەکم بگرێت کە پەیکەری سلێمانی لێیە. سەردەکەوتم بەسەر ئەو پەیکەرەدا کە دڵی لێیە و بە براکەمم دەگوت "دڵم کوردە"..

لەگەڵ نزیک بوونەوە لە سەیدسادق لوتکەی شاخەکانی بەفراوی و هەوری سپی پڕ لە پەڵە لە ژێر لوتکەکاندا دەبینم. پێم دەڵێت "ئاە، لەبیرم چوو، شوێنێک هەیە تۆ نازانیت". پێش شار لە سەر هێڵێک لە لای چەپ دەسوڕێتەوە و وا دەکات لە کۆتایی ڕێگایەکی خۆڵدا دەریاچەیەکی بچووک بدۆزمەوە کە بە گوڵی کێوی دەورە دراوە. شوێنەکە زۆر جوانە، تابلۆیەکی ناوازەی ڕاستەقینەیە. خۆر ئاوابوونە و هەرچەندە ئاسمان بە هەوری ماوەتەوە، بەڵام لە ئاسۆدا ئاسمان پرتەقاڵی دەبێت. زۆرێک لە گوڵی ڕەنگی جیاواز شوێنەکە گەشاوەتر دەکەن. لە دوورەوە گوێمان لە مۆسیقا

دەبێت، خێزانەکان ئاهەنگی هاوسەرگیری دەکەن.

لەودیوی دارەکانەوە ژن و پیاو هەڵدەپەڕن. چ شوێنێکی نایاب و چ دیمەنێکی خۆشەویستە!

دەگەینەماڵەکە و من دەچمە سەرەوە لەسەربان، سورێن نایاب و سەرنجڕاکێشە: لوتکەکان بەفراوین و باقی شاخەکە ڕەشە، هەوری سپی وا دیارە لە نیوەی ڕێگاکەدا هەڵواسراوە پێیدا شاخەکان سوورن لەگەڵ... دوا ڕووناکی خۆرئاوابوون.



















0750 385 8200






I
SLEMANI

نەورەس زۆر نزیکە لە ئاژەڵەکان و پشیلەیەکی هەیە بە ناوی بێلینا، ناوێکی پورتوگالییە چونکە زۆر بەرازیلی خۆشدەوێت، باشە... ژنانی بەرازیلی! بێلینا پشیلەیەکی زۆر سەربەخۆیە لە ماڵەوە بە ئارەزووی خۆی دێت و دەڕوات، بەڵام زۆر نزیکە لە نەورەس ئاغا. چەند جارێک دووگیان دەبێت و نەورەس بڕیار دەدات یەکێک لە پشیلەکانی بەخێو بکات. ڕۆژێک پێی وتم "پێموایە مێیە بەڵام نازانم ناوی چی لێ بنێم". پێی دەڵێم "بۆچی ناوی نانێیت ساریت(ساریت حەداد-گۆرانیبێژێکی ئیسرائیلیە)؟ ئێوە کە زۆر ئەم گۆرانیبێژەتان خۆش دەوێت. وەڵامی دایەوە "بەڵام بۆچی پێشتر بیرم لێ نەکردەوە؟ ". دواتر دەرکەوت کە ساریت نێر بووە بەڵام ناوی خۆی دەهێڵێتەوە. ساریت لە مانگی ئایاردا لەدایکبووە، زۆر وابەستەی نەورەس و خێزانەکەی بووە چونکە بەدەگمەن ماڵەکەی بەجێدەهێڵێت.

ساریت پشیلەیەکی زۆر سۆزدار بوو و هەروەها زۆر حەزی لە یاریکردن بوو. شەوان جار جار لە ژووری سەرەکی دەچووە ژوورەوە و دەچووە دەرەوە و هەندێک جاریش لەسەر نەوڕەس دەخەوت. ئەو شەوە کە کێشەی خەوتنم هەبوو ساریت هات بۆ بینیم، لە باڵای ئەودا بووم چونکە لەسەر دۆشەکێک لەسەر زەوی خەوتبووین. ئەو لە پشت سەرمەوە دەیچرپاند، منیش پێم سەیر بوو چی دەکات پاشان هاتە تەنیشتم، ئەو خۆی نوساند بە مندا و منیش مەساجم بۆ کرد.
بەدوای گەرمیدا دەگەڕا. من لەگەڵیدا نەرم و نیان بووم و دەبێ ئەویش بەدڵی بووبێت. لەگەڵ نووسینی ئەم دێڕانەدا هێشتا دەنگی (مرخەمرخ) ەکەی لە مێشکمدایە. ئەو شەوە هەستم بە باشی نەدەکرد، جارێکی تر گرژبوونم لە ڕیخۆڵەکانمدا پەیدابوویەوە و بوونی ساریت لە تەنیشتمدا دڵنیاکەرەوە بوو.
بەیانیەکەی دیکە، لەسەر قەنەفە دانیشتبوو، ساریت

لەسەر قاچەکانم دانیشت، بە سۆزەوە ماچم کرد.

هەندێک جار لەگەڵیدا ڕۆڵی محەممەد و نەوڕەس و منمان دەکرد، ئەو لێزان بوو و هەرگیز شەڕانگێزی نیشان نەدەدا. پشیلەیەکی بچووکی باش بوو. بەداخەوە ساریت لەو کاتەوە مردووە ڕەنگە بەهۆی ژەهراوییبوونەوە بووبێ، تەنانەت تەمەنی ساڵێکیش نەبووە، بۆشاییەکی گەورەی لە دوای خۆی بەجێهێشتووە و تەنها فرمێسکمان هەیە بۆ دڵنەواییمان...







## "ئێمە بڕۆین بۆ هەمیشە"

ڕۆژی دواتر من و نەوڕەس دەچینە سلێمانی بۆ دۆزینەوەی محەمەدی هاوسەری لەنیا و ڕۆژەکە لە سلێمانی بەسەر دەبەین. لە کاتێکدا لە بازاڕ بووین و بە پێ دەڕۆیشتین لە شەقامی ناوەندی لە دوورەوە حەمە دەبینم کە بە ئاراستەی مندا دێت، سەری سوڕمابوو کە خۆی دەبینێتەوە ڕووبەڕوو هاواری لێدەکەمەوە "چی ئاکایت لەیرا؟ » و ئەو وەڵامم دەداتەوە « بەڵام تۆ لێرە چی دەکەیت؟ ". بۆم ڕوون کردەوە کە ڕۆژێک پێشتر کەمێک نەخۆش بووم و گەڕانەوەم بۆ پاریس بۆ ڕۆژێک دواخستووە. حەمە ڤیدیۆ و دیمەنەکانی فێستیڤاڵی کوردی وێنەگرتووە کە هەمان ڕۆژ لە شاری سلێمانی بەڕێوەچوو.

بەرەو مەیدانی سەرا دەڕۆین کە ستەیجێکی گەورە لە ژێر وێنەی گەورەی شا شێخ مەحمود دروستکرابوو کە گۆڕەپانەکە دەڕازێنێتەوە. گۆرانی و سەمای نەریتی

یاوەری نمایشێکی مۆدەی جلوبەرگی نەریتی ژنانی کورد بوون. ڕەنگی قوماشەکان، ئەو کراسانەی کە ژنان لەبەریان دەکرد زۆر درەوشاوە بوون، ئەو ڕۆژە بینەرێکی زۆر هەبوو. کەشەکە زۆر زیندوو و سروشتی بوو.

بۆ کۆکردنەوەی جانتاکانم و ماڵئاوایی لە کاک عەبدولکەریم و خاتوو حەمدیە کە پێم دەگوت "دایە" و محەمەدی کوڕە بچووکەکەیان دەچووینەوە سەیدسادق. هەمیشە ئەم ساتەم لەبیر دەمێنێتەوە کە یاوەرییان کردم تا سەکۆکە بۆ ماڵئاواییکردن، دڵم قورس بوو و زۆر دڵتەنگ بووم کە ناچار بووم بەجێیان بهێڵم. لە ماوەیەکی وا کورتدا زۆر وابەستەی ئەوان بووم. لە ناخی دڵەوە سوپاسی پێشوازیم لێکردن و بۆ میهرەبانییان. گەرموگوڕی دایک و باوکم تیایاندا دۆزیەوە، کاک عەبدولکەریمم لە باوەش گرت و داوام لە نەورەس کرد دەستی دایکیم بۆ ماچ بکات. لە

ماڵەکەوە بە پلیکانەکاندا ڕۆیشتمە خوارەوە بۆ ئۆتۆمبێلەکە. پشتیان بە دیواری نزمی سەکۆکەوە نابوو، ماڵاواییان لێکردم و فرمێسک لە چاوەکانمدا بوو. تا گەیشتنمان بە سلێمانی کە محەمەد و نەبەز چاوەڕێمان بوون، بەنزیکەیی بێدەنگ بووم.

ئێوارەکەمان پێکەوە لە شەقامی سالم بەسەر برد، دوا ساتەکانم بوو لە کوردستان. خۆشیم لەلا تاڵ بوو و نەمدەویست بگەڕێمەوە فەرەنسا. نەورەسیش دڵتەنگ بوو، تەنیا دەیویست من زیاتر بمێنمەوە. کاتی ئەوە هاتبوو بچمە فڕۆکەخانەی سلێمانی کە لەوێوە بەرەو فەرەنسا دەڕۆیشتم بەڵام ئەمجارەیان لەگەڵ هێڵی ئاسمانی قەتەر لە ڕێگەی دەوحەوە

سێ هاوڕێم، براکانم، ئەوانەی لە فڕۆکەخانەی هەولێر هاتبوون بۆ پێشوازیکردنم، یاوەرییان کردم بۆ فڕۆکەخانەی سلێمانی. ماڵئاواییم لە محەممەد کرد کە لەبیرمە وەک نیشانەی ڕێز لە شانی ماچ کردم،

هەموویانم لە باوەش گرت. محەمەد کە لە کوردستان ناسیم و نەبەز کە باشتر ناسیم. نەبەز بۆ من بە کەسێکی ڕاست و دڵسۆز و خێرخواز و نەرم و نیان دەمێنێتەوە کە بەنزیکەیی حەزم لێیە ڕۆژانە گفتوگۆی لەگەڵ بکەم.

وە نەوڕەس بێگومان کێ دەبوو بۆ من یەکێک لە جوانترین ڕووبەڕووبوونەوەکان کە ژیان ڕێگەی پێداوم بیکەم. هەندێک جار تووڕە دەبین، زۆر جار بەهۆی هەڵە تێگەیشتنەکان توڕە دەبین، بەڵام ئەو بۆ من برایە، یەکێکە لە پایەکانی ژیانمە.





